# مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد لە عێراق و تێڕوانینێکی یاسایی بۆ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧دا

**گزنگ عەلی عەزیز [١]، ڕێوار جەبار شێخە[٢]**

[١،٢]بەشی یاسا، فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوخته**

پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین بریتییە لە چەمکێکی یاسایی نێودەوڵەتی کە لە ڕێگایەوە بوار بە هەموو گەلێک دەدرێت, کە بەشێوەیەکی ئازادانە دۆخی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئابوری خۆی بە بێ دەست تێوەردانی دەرەکی دیارییکات، مافی هەبێت چارەنوسی خۆی دیارییکات جا بە چونە پاڵ دەوڵەتێکی تر یاخود دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری. ئەم پرەنسیپە بە یەکێک لە پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت, کە سەرەتای دەرکەوتنی بۆ هەردو شۆڕشی ئەمەریکی ١٧٧٦-١٧٧٧ و فەڕەنسی ١٧٨٩- ١٧٩٩ دەگەڕێتەوە, کە سەرەتا تەنها مافێکی سیاسی بو, بەڵام بە دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم پرەنسیپەش بووە پرەنسیپێکی یاسایی و سروشتێکی پابەندکاری وەرگرت. سەبارەت بە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بەردەوام هەوڵی داوە وەک یەکێک لە خاوەنەکانی مافی چارەی خۆنوسین پاڵپشت بە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان ئەم مافە بەدەست بهێنێت, بەڵام هەمیشە ڕێگری لێکراوە لە بەر چەند هۆکارێک، تا ئێستا نەیتوانیوە وەک هەرگەلێکی دیکەی جیهان کە خاوەن مافی چارەی خۆنوسینن ئەم مافە پیادەبکات لەگەڵ ئەوەی کە ڕێگاکانی داواکردنی ئەم مافەشی تاقیکردۆتەوە، دواجاریش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێک بو لە ٢٠١٧/٩/٢٥ وەک یەکێک لە ڕێگا ئاشتیبەکانی پیادەکردنی ئەم مافە کە بە دیموکراسیترین ڕێگا بۆ وەرگرتنی ڕای گشتی لەسەر پرسە چارەنوس سازەکان لە نێویشیدا پرسی سەربەخۆیی دادەنرێت، بەڵام لەم ڕیفراندۆمەش سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا هەرچەندە ٩٢،٧٣٪ی دەنگدەران دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دابو، سەرنەکەوتنی ئەم ڕێفراندۆمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، کە هەوڵ دەدەین لە چوارچێوەی توێژینەوەکەماندا ئاماژەیان پێبدەین.

**وشه سەرەکییەکان:** بنەما دەستورییەکان، بنەما نێودەوڵەتییەکان، ڕیفراندۆم، مافی چارەی خۆنوسین، هەرێمی کوردستانی عێراق

## ١. پێشەکی

پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسینی گەلان یەکێکە لەو بابەتە گرنگ و هەستیارانەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاری لەسەر دەکرێت و لە ئەمرۆدا بەیەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەژمێردرێت، هەر لە سەردەمی کۆنەوە ئەم پرەنسیپە دەرکەوتووە، بەڵام لە ڕوی پراکتیکی و دەقنوس کردنی لە دوای دروستبونی دەوڵەتی نەتەوەییەوە هاتەکایەوە، دواتر وردە وردە و بەتایبەتی دوای هەریەک لە جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی پەرەی سەند، لەو کاتەدا شارەزایان و یاساناسان بیریان کردەوە لەوەی کەوا پێویستە مافی چارەی خۆنوسین گرنگی پێبدرێت و دەقنوس بکرێت لە نێو پەیماننامە و جاڕنامە و بڕیارە نێودەوڵەتییەکان، هەر بۆیە کاتێک پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٤٥دامەزرا بۆ یەکەم جار ئەم پرەنسیپە تێیدا دەقنوس کرا و بووە مافێکی یاسایی و پابەند بۆهەمو دەوڵەتانی ئەندام لەم ڕێکخراوە، بەمەش بووە یەکێک لە مافە سەرەکییەکانی هەمو گەلێک بەبێ جیاوازی و بەپێی هەندێک پێوەری دیاریکراو، لەسەر ئەم بنەمایەش چەندین گەل سەربەخۆییان لە جیهاندا بەدەست هێناوە، گەلی کوردیش وەک هەر گەلێکی دیکە چەندین ساڵە خەبات لە پیناو ئەم مافە دەکات، هەمو ڕێگاکانی پیادەکردنی ئەم مافەی تاقیکردۆتەوە، هەر وەک دواجار ڕیفراندۆمیشی ئەنجام دا لە ساڵی ٢٠١٧ دا لە پێناو گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام تا ئێستا ئەم خەونەی کورد نەهاتۆتە دی، لەگەڵ ئەوەی کە چەندین پاساوی گرنگ هەیە، کورد پشتی پێیان بەستاوە.

### ١.١ گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە تیشک خستنە سەر بابەتێکی هەستیار و زیندو لە یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، ئەویش پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسینی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ١ (٢٠٢١)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٧ حوزەیران ٢٠٢١؛ پەسەندکردن: ١٥ ئاب ٢٠٢١
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: gazang.ali@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢١ گزنگ عەلی عەزیز و ڕێوار جەبار شێخە، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp191-203

گەلی کورد لە عێراق و تیڕوانینێکی یاساییە بۆ ئەو ڕیفراندۆمەی لە ساڵی ٢٠١٧ دا ئەنجامیدا. گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ئەم بابەتە خودی هەرێمەکەمان دەگرێتەوە، ئەویش هەرێمی کوردستانە کەوا وەک هەر گەلێکی تر چەندین ساڵە خەبات لە پێناو بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین دەکات، بۆیە زۆر گرنگە بۆ قۆناغی ئەمڕۆی کوردستان کە توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەم پرسە بکرێت، کەواتە گرنگی توێژینەوەکە لە دو خاڵدا کورت دەبێتەوە:

١. چوارچێوەی یاسایی مافی چارەی خۆنوسین و سروشتە یاساییەکەی.

٢. هەڵسەنگاندنێکی وردی یاسایی بۆ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و دەرخستنی لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەکانی.

### ٢.١ ئامانجی توێژینەوەکە:

یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەرێکی گونجاو بۆ پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە عێراق، کە ئایا گەلی کورد وەک گەلانی تری دەوڵەتە فیدراڵییەکان مافی چارەی خۆنوسینی هەیە؟ ئایا بەڕێگای ڕیفراندۆم دەتوانێت ئەم مافە دەستەبەر بکات.

### ٣.١ هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

ئەم پرسە یەکێکە لەو کێشانەی کە بەردەوام بە بابەتێکی هەنوکەیی دادەنرێت، چونکە دەکرێت لە هەر کاتێکدا سەرچاوەیەک بێت بۆ دروستبونی ناکۆکی لە ناوخۆی عێراقدا، بۆیە دەکرێت بڵێین ناوەڕۆکی ئەم پرسە و ئەو کێشانەی کە لێیەوە دروست دەبن سروشتێکی بەردەوامیان هەیە. هەروەها، ئەم پرسە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵگاکەمانەوە هەیە, چونکە هەرچەندە لە ماوەی ڕابردودا پەنا بۆ ئەم پرسە بردرا، بەڵام دەکرێت لەداهاتودا بەشێوازێکی یاسایی و وردتر مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا بکرێت، بۆیە هۆکارێکی تری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

### ٤.١ کێشەی توێژینەوەکە:

١. یەکێک لە کێشەکانی ئەم توێژینەوەیە ناڕونیی مانای مافی چارەی خۆنوسینە لە ڕوی پێناسە و سروشت و خاوەنەکانی؛ کە ئێمە هەوڵ دەدەین ئەم ناڕونییەی کە لەم پرەنسیپەدا هەیە تاوتوێ بکەین.

٢. تا چەند گەلی کوردستان لە ناو عێراقدا دەتوانێت داوای مافی چارەی خۆنوسین بکات, وەک یەکێک لە خاوەنەکانی ئەم مافە؟ ئایا ئەو پاساوانە چین؛ کە گەلی کورد دەتوانێت پشتی پێیببەستێت بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە؟ ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە ئەم مافە دەستەبەربکات، بە پێی یاسای نێودەوڵەتی و دەستوری ٢٠٠٥ی عێراق؟ ئایا کورد تاک لایەنە دەتوانێت داوای ئەم مافە بکات؟

٣. بۆچی ڕیفراندۆمەکەی ٢٠١٧/٩/٢٥ی هەرێمی کوردستان لە پێناو جیابونەوەی لە عێراق و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی شکستی هێنا سەرباری ئەوەی کە زۆرینەی دەنگدەران دەنگیان بە سەربەخۆیی دا؟

### ٥.١ پلانی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا باسی مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد لە عێراق و تێڕوانینێکی یاسایی بۆ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧دا دەکەین، کە دابەشی دەکەین بەسەر دو باسی سەرەکی، لە باسی یەکەمدا ناساندنی مافی چارەی خۆنوسین دەخەینەڕو، لە باسی دووەمیشدا ئاماژە بە مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد لە عێراقدا دەکەین.

### ٦.١ ڕێبازی توێژینەوەکە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەمان، وا پێویستی کرد ڕێبازی شیکاری بەکاربهێنین بۆ توێژینەوەکە، بۆ شیکردنەوەی دەقەکانی سەرجەم دەستورەکانی عێراق هەر لەیەکەم دەستوری تاوەکو دەستوری ٢٠٠٥ی هەمیشەیی تایبەت بە مافەکانی گەلی کورد تیایاندا بەگشتی و مافی چارەی خۆنوسین بەتایبەتی. هەروەها بۆ شیکردنەوەی ئەو ڕیفراندۆمەی کە لە ٢٠١٧/٩/٢٥ لە هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان ئەنجامدرا.

## ٢. ناساندنی مافی چارەی خۆنوسین:

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین مافی چارەی خۆنوسین بناسێنین لە ڕێگەی دابەشکردنی ئەم باسە بەسەر سێ تەوەردا، تەوەری یەکەم پێناسە و شێوەکانی دەخەینە ڕو، لە تەوەری دووەمیشدا خاوەنەکان و سروشتەکەی ڕون دەکەینەوە، لە تەوەری سێیەمیشدا ڕێگاکانی پیادەکردنی ئەم مافە ئاماژە پێدەدەین

### ١.٢ پێناسەی مافی چارەی خۆنوسین و شێوەکانی:

لەم تەوەرەدا پێناسە و شێوەکانی مافی چارەی خۆنوسین باس دەکەین، کە دابەشی دەکەین بۆ دو لق، لە لقی یەکەمدا پێناسەی مافی چارەی خۆنوسین دەکەین، لە لقی دووەمیشدا شێوەکانی ڕون دەکەینەوە.

**١. پێناسەی مافی چارەی خۆنوسین:** باشترین پێناسە بۆ مافی چارەی خۆنوسین بریتییە لەوەی کە (مافی هەر گەلێکە کە لە ناو هەرێمێکی دیاریکراو ژیان بەسەردەبات بارودۆخی ڕامیاری و یاسایی بۆ ئەم هەرێمە دیاریبکات، جا چ بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان بێت یاخود ببێتە بەشێک لە وڵاتێکی دیکە بە ویستی ئازادانەی خۆی) (نجم، ب.س: ١٤٧).

**٢. شێوەکانی مافی چارەی خۆنوسین:** مافی چارەی خۆنوسین دو شێوەی هەیە، یەکەمیان، مافی چارەی خۆنوسینی ناوخۆییە، دووەمیشیان مافی چارەی خۆنوسینی دەرەکییە:

**أ.** مافی چارەی خۆنوسینی ناوخۆیی: مافی چارەی خۆنوسینی ناوخۆیی بە مانای مافی زۆرینەی گەل دێت لەناو یەکێتییە ڕامیارییەکەی کە نوێنەرایەتی دەکات، بە پێی بنەماکانی هەردو یاسای نێو دەوڵەتی و دەستوری، لە سودمەند بون لە دەسەڵات بۆ دروستکردنی شێوازی فەرمانڕەوایی و دامودەزگای نیشتمانی بەو شێوەیەی کە گونجاو بێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو زۆرینانە (عبداللە، ٢٠١٩، ١٩).

کەواتە مافی هەر گەلێکە لە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری خۆی بژی کە بە ویستی تەواوی خۆی بە بێ هیچ کۆت و مەرجێکی بارودۆخی ناوخۆیی، بە شێوەی ئەو سیستەمەی کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی خۆی گرتویەتییە بەر و ئازادی تەواوی هەبێت، کە لە ژێر سێبەری حکومڕانییەکی دیموکراسیدا بژیت، یاخود مەلەکی یان هەر سیستەمێکی دیکە کە خۆی پێی ڕازییە (جەمیلة، ٢٠٠٩، ١٥).

**ب.** مافی چارەی خۆنوسینی دەرەکی: بریتییە لەو شێوەیەی کە باوە لە جێبەجێ کردنی مافی چارەی خۆنوسین، کە مەبەست لێی ئەوەیە کە گەلان مافی خۆیانە بە ئازادانە بارودۆخی تایبەتی خۆیان دیاری بکەن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بڕیاردان

لەسەر ئەم مافە بە ئازادی بە مەبەستی دیاری کردنی چارەنوسیان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەبێ دەستتێوەردانی دەرەکی، جا ئەمە بە جیابونەوە بێت لە دەوڵەتی بنەڕەت و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خاوەن سەروەری بێت یاخود بەستنەوەی بە کیانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یاخود یەککگرتنی لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکەدا (عبداللە، ٢٠١٨، ٣٩).

## ٢.٢ خاوەنەکان و سروشتی مافی چارەی خۆنوسین:

لەم تەوەرەدا هەوڵ دەدەین ئەو لایەن و چینانە دەستنیشان بکەین کە مافی چارەی خۆنوسینیان هەیە و کە ڕای جیاوازی یاساناسانی لەسەرە، هەندێکیان پێیان وایە تەنها دەوڵەت خاوەنی مافی چارەی خۆنوسینە، هەندێکی دیکە پێیان وایە تەنها گەلانی ژێردەستی داگیرکاری ئەو مافەیان هەیە و بەشێکی دیکە پێیان وایە مافی هەمو گەلانی جیهانە، هەروەها گفتوگۆیەکی جیاواز لە نێوان شارەزایان لەسەر دیاریکردنی سروشتی مافی چارەی خۆنوسین هەیە، کە ئایا ئەم مافە سروشتێکی ڕامیاری یان یاسایی پابەندکاری هەیە؟

بۆیە پێمان باشە ئەم تەوەرەی توێژینەوەکەمان دابەش بکەین بۆ دو لقی سەرەکی، لە لقی یەکەمدا خاوەنەکانی مافی چارەی خۆنوسین دەخەینە ڕو، لە لقی دووەمیشدا سروشتی مافی چارەی خۆنوسین ڕون دەکەینەوە:

**١. خاوەنەکانی مافی چارەی خۆنوسین:** بۆ دیاری کردنی خاوەنەکانی مافی چارەی خۆنوسین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئایا هەمو نەتەوە و گەلێک بەبێ ڕەچاوکردنی نەتەوەکەی لە ژێر دەستی داگیرکەردابن یان سەربەخۆبن یان ئەو گەلانەی لکێنراون بە دەوڵەتانی دیکەوە یان لەناو دەوڵەتێک دان، بەڵام دەچەوسێنرێنەوە ئەو مافە وەردەگرن؟ هەمو ئەمانەش پرسیارێکی گشتی دەوروژێنن ئەویش ئەمەیە؛ ئایا کێ مافی چارەی خۆنوسینی هەیە؟ لەم بارەشەوە سێ بۆچونی جیاواز هەیە، لەخوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین.

**بۆچونی یەکەم:** لایەنگرانی ئەم بۆچونە پێیان وایە وشەی گەلان لە بڕگەی ٢ی ماددەی ١ی بەڵگەنامەی نەتەوە یەککگرتوەکاندا هاتووە مەبەست لێی دەوڵەتەکانە واتە ئەو گەلانەی کە خاوەن قەوارە (کیان)ێکی ڕامیاریی سەربەخۆی خۆیانن، نەوەک ئەو گەلانەی ئەمجۆرە قەوارەیان نییە، یەکێک لە پشتیوانانی ئەم بۆچونە دکتۆر (صالح جواد الكاظم)ە پێیوایە ئەم بەڵگەنامەیە لەم دەقەدا دەوڵەتەکان بە گەلان ناو دەبات، هەروەها یاساناس(کلسن) ئەم ڕایە پشتڕاست دەکاتەوە پێی وایە وشەی گەلان مەبەست لێی بریتییە لە (دەوڵەتەکان)، کە لەساڵی١٩٥١هەوڵی داوە پێناسەی گەل لە ڕێگەی یەکسانکردنی بە وشەی گەلان بکات، لەبڕگەی٢ ماددەی ١ی بەڵگەنامەی ناوبراودا هاتووە بەپێی ئەم بۆچونە مەبەست لێی دەوڵەتەکانە، زیاتر لەمەش ئاماژە بەوە دەکات بڕگەی ناوبراو مافەکانی بەیەکسانی پێداون لە نێوانیاندا و تەنها دەوڵەتەکانن خاوەنی مافەکانیانن بەیەکسانی لە نێو یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، جا بۆیە کلسن پێی وایە وشەی گەلان ئاماژە بە هەمان مانای وشەی دەوڵەتەکان دەکات (محمود،ب.س، ٤٣٠).

**بۆچونی دووەم:** جیاواز لە بۆچونی پێشوتر، لایەنگرانی ئەم بۆچونە پێیان وایە دەستەواژەی گەلان تەنها ئەو گەلانەی داگیرکراون دەگرێتەوە، بەو پێیە ئەو هەرێمانە ناگرێتەوە چارەنوسی خۆیان دیاریکردووە و بونەتە بەشێک لە دانیشتوانی یەکێک لە دەوڵەتە تەواو سەربەخۆکان، بە جۆرێک چونی هەر هەرێمێک بۆ ناو دەوڵەتێکی سەربەخۆ وا لەو هەرێمە دەکات مافی چارەی خۆنوسین لە دەست بدات (پیروت،٢٠١٨، ١١٠).

**بۆچونی سێیەم:** لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە خاوەنەکانی ئەم مافە گەلانن نەک دەوڵەتان، گەلانیش هەمو گەلێک دەگرێتەوە چ ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەردان یان ئەوانەی لە ناو دەوڵەتێکی تردان. لەم بارەیەوە (ڕوبرت مکور کودیل) دەڵێت: "دوای جەنگی جیهانی یەکەم ماوەی تەواوبونی داگیرکاری مافی چارەی خۆنوسین زیاتر بەربڵاو بو، چونکە لە کاتی ئێستادا لەسەر هەمو گەلێک جێبەجێ دەکرێت لە هەر شوێنێکدا بێت نەک تەنیا ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەستی داگیرکەردان، هەروەها لەسەر ئەو گەلانەی لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی تردان، بەڵام ئەو گەلە دەچەوسێتەوە لە ئەنجامی باڵادەستی لایەنێکی تر بەسەریاندا" (حاجی،٢٠١١، ٤٤).

لێرەدا دوای خستنەڕوی ئەم بۆچونانەی سەرەوە ئێمە بیروڕای سێیەممان لا پەسەندترە لە دو ڕاکەی تر،کە پێی وایە گەلان خاوەنی مافی چارەی خۆنوسینن نەوەک دەوڵەتەکان، چونکە لەگەڵ کرۆکی بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتوەکان دەگونجێت، هەروەها بە پشت بەستن بە هەریەک لە دیباجەو برگەی ٢ی ماددەی ١ بەڵگەنامەی نەتەوە یەککگرتووەکان ١٩٤٥ هەمو گەلێک مافی چارەی خۆنوسینی بە یەکسانی و بەبێ جیاوازی هەیە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەو گەلە لەژێردەستی داگیرکەردابێت یان نا، یان ئەو گەلانە لێکنرابن بە دەوڵەتێکی دیکە بەبێ ڕەزامەندی گەلەکە خۆی، یان هەر گەلێکی دیکە لەهەر شوێنێک دابێت دەتوانن داهاتوی خۆیان بە ویست و ئازادی خۆیان دیارییکەن، بەڵام بەمەرج و پێوەری دیاریکراو.

**٢. سروشتی مافی چارەی خۆنوسین:** سەبارەت بە سروشتی مافی چارەی خۆنوسین، یاساناسان بیروڕای جیاوازیان لەسەری هەیە، بۆیە لێرەدا بەباشی دەزانین بۆ خستنەڕوی سروشتی مافی چارەی خۆنوسین، ئەم بیروڕا جیاوازانە بخەینە ڕو بەمشێوەیەی خوارەوە:

**أ.** مافی چارەی خۆنوسین بنەمایەکی ڕامیارییە: لایەنگرانی ئەم بۆچونە پێیان وایە مافی چارەی خۆنوسین تەنها پرەنسیپێکی ڕامیارییە و ملزەم نییە، تەنها کاریگەری لەسەر حکومەتەکان هەیە و هیچ جۆرە پابەندبونێک لەسەر دەوڵەتەکە دروست ناکات، هەروەها هیچ پەیوەندی بەخوێندنەوەی یاسایی نییە، بەڵکو پێیان وایە پەیوەندی بە زانستە ڕامیاریەکانەوە هەیە، ئەم بۆچونە پشت دەبەستێ بە سەرەتا مێژوییەکانی دروستبونی ئەم بنەمایە، کە مەبەستیان شۆڕشەکانە کە لە زۆر دەوڵەتی جیاواز سەریان هەڵداوەو خاوەنداریەتیی ئەم پرەنسیپەیان کردووە و خستویانەتە ناوەرۆکی بنەماکانی شۆڕشەکە بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوی گەلەکەی بۆ بڕیاردان لەبارەی چارەنوسی خۆی، شۆڕشەکەشیان لە پێناو دابین کردنی ئارەزوی گەل بووە، جا بۆیە لە بارەی مافی چارەی خۆنوسین گوتراوە؛ تەنها ئامرازێکی ڕامیارییە بۆ پاساوی ڕەوایی و شەرعیەتی هەڵگیرساندنی شۆڕش (عمر،٢٠٠٥، ٩٣)، لەگرنگترین ئەو شۆڕشانەش هەردو شۆڕشی ئەمەریکی و فەڕەنسی لە ساڵی ١٧٧٦ و ١٧٨٩ بە دوای یەکدا بون، سەرەڕای ئەوەش لایەنگرانی ئەم بۆچونە پێیان وایە مافی چارەی خۆنوسین تەنها بەهایەکی ڕامیاری و ڕەوشتی هەیە بەبێ بونی هیچ بەهایەکی یاسای ملزەم (عبداللە، ٢٠١٨، ٥٤-٥٥).

**ب.** مافی چارەی خۆنوسین بنەمایەکی یاسایی پابەندکارە: لایەنگرانی ئەم بۆچونە پێیان وایە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین یەکێکە لەو پرەنسیپە یاساییانەی کە ڕێکخستنی نێودەوڵەتی سەردەمیانەی لەسەر بنیات نراوە، چونکە مافی چارەی خۆنوسین پشت دەبەستێت بە هەمان ئەو بنەمایانەی پرەنسیپە گرنگەکانی یاسای نێودەوڵەتی پشتی پێدەبەستن وەکو قەدەغە کردنی کاری دوژمنکارانە (حظر اعمال

العدوان) و نە هێشتنی دەست خستنە نێو کاروباری یەکتر و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ (عدم التدخل و احترام حقوق الانسان) و هەندێکی دیکەش...، لەخۆگرتنی ئەم پرەنسیپانە لەبەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەن زۆربەی دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە وەکو پرەنسیپێکی یاسایی ملزەم و پەسەندکراو دەژمێردرێت (الواصل،٢٠١٣، ٣١٥-٣١٦).

هەروەک ڕون و ئاشکرایە مافی چارەی خۆنوسین لەو بابەتە ئاڵۆزانەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان مامەڵەی لەگەل کردووە هەر لە دروست بونییەوە لە ساڵی ١٩٤٥ باسی مافی چارەی خۆنوسینی کردووە بە شێوەیەکی ڕون و ئاشکرا لە بەڵگە نامەکەدا دو جار دەقی لەسەر دراوە، یەکێکیان لە بڕگەی دووەمی ماددەی ١ ڕێکخراوەکە تایبەتبە ئامانج و مەبەستی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەگرنگترین بنچینەی پێشکەوتنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێ کە (جەخت دەکات لەسەر پێویستی پەرەپێدانی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان، لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکسانی ومافی دیاریکردنی چارەنوسی گەلان، هەروەها وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ جێگیرکردنی ئاشتیەکی سەراپاگیری. لەبەشی نۆیەم جارێکی دیکە ئاماژە بەم مافەکراوە لە بەڵگەنامەی ناوبراو کە بنچینەی هاوکاری نێودەوڵەتی خستۆتە ڕو بەتایبەت لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی،هەروەها لە ماددەی ٥٥ هەمان پەیماننامە ئاماژەی داوە بەم مافە کە بریتییە لە (ئارەزوی گونجانی بەرقەراری و خۆشگوزەرانیی پێویست بۆ دروستبوونی پەیوەندیی ئاشتیانە لە نێوان نەتەوەکان، ڕێزگرتن لە پرەنسیپێک کە خۆی دەنوێنێ لە یەکسانی لەمافەکان لە نێوان گەلان و هەریەکەیان مافی چارەی خۆنوسینیان هەبێت، کە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری لەسەردەکات) (الحاج، ٢٠١٢، ١٤٢-١٤٣)

زیاتر لەوەی پێشتر باسمان کرد، بۆچونێکی تر هەیە، پێی وایە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین گرنگیەکی زۆری لە جیهانی ئەمڕۆدا هەیە، بە شێوەیەک وادانانرێت کە تەنها ڕێسایەکی یاساییە، بەڵکو بە بنچینەیەکی سەرەکی لە سیستەمی نێودەوڵەتی گشتی دادەنرێت، کە ڕێسایەک لە ڕێسا نێودەوڵەتیە ئامرەکان پێکدەهێنێت، بە جۆرێک ناکرێت ڕێککەوتن لەسەر پێچەوانەی بکرێت، تەنها بە ڕێسایەکی تر نەبێت کە هەمان سروشتی ئەو ڕێسایە یان لەو بەرزتری هەیە، هەر ڕێککەوتنێک لەسەر پێچەوانەکەی بکرێت بە بێبەها دادەندرێت، ئەمەش لە پێناو گەرەنتی دان بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی (عبدالله،٢٠١٨، ٥٨).

بە شێوەیەک ڕێککەوتون لەسەر ئەوەی مافی چارەی خۆنوسین سیفەتێکی ئامیرەی ملزەمی هەیە، ئەمەش بەبەڵگەی ئەوەی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی دیکە، لە ڕاستیدا بەڵگەنامەی نێودەوڵەتین و سیفەتی ئامیرەیان هەیە، ئەگەر دەقەکانی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی دیکە زیاتر لە چ شوێنێک جەختیان لەسەر ئەم مافە کردۆتەوە، دەربازبونی نییە لەوەی بە مافێکی یاسایی دانپێدانراو دابنرێت لە یاسایی نێودەوڵەتی (العیدی، ١٧٧،٢٠١٨).

دوای خستنە ڕوی بیروڕا جیاوازەکان سەبارەت بە سروشتی مافی چارەی خۆنوسین، ئێمە بیروڕای دووەممان لا پەسەندترە، کە پێی وایە ئەم مافە سروشتێکی یاسایی پابەندکاری هەیە، لەبەرئەوەی لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەقنوس کرا و کۆمەڵێک بڕیاری لەسەر دەرکرا لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها لە چەندین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی ترئاماژەی پێدراوە.

### ٣.٢ ڕێگاکانی پیادەکردنی مافی چارەی خۆنوسین:

ڕێگاکانی داواکردنی پیادەکردنی مافی چارەی خۆنوسین خۆی لەدو ڕێگای سەرەکی دەبینێتەوە، یەکەمیان ڕێگای ئاشتیانەیە و دووەمیشیان ڕێگای نائاشتیانەیە،لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئەم تەوەرەی توێژینەوەکەمان، دابەشبکەین بەسەر دو لق دا، لەلقی یەکەم ڕێگای ئاشتیانە ولەلقی دووەمیشدا ڕێگای نائاشتیانەی جێبەجێ کردنی ئەم مافە ڕونبکەینەوە.

**١.** ڕێگای ئاشتییانەی پیادەکردنی مافی چارەی خۆنوسین: شێوازی ئاشتییانە بۆ داواکردنی مافی چارەی خۆنوسین شێوازێکی شارستانی و سەردەمیانەیەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاستی هۆشیاری سیاسی ئەو گەلەوە هەیە کە داوای ئەم مافە دەکات ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە پەیوەندی بە ئاستی عەقڵیەتی دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتەی کە داوای ئەم مافەی لێدەکرێت هەیە، کەواتە پێویستە هەردولا ئاستی هۆشیاری سیاسیان گەیشتبێتە قۆناغێک کە لێکتێگەیشتن هەبێت و ئەم مافە بەشێوەیەکی یاسایی جێبەجێ بکرێت و ببەخشرێتە ئەو گەلەی داوای دەکات. (عبدوللا،٢٠١١، ٢٧-٢٨).

شایەنی باسە گرنگترین شێوازی ئاشتیانە کە زۆر بڵاوە بۆ داواکردنی مافی چارەی خۆنوسین لەلایەن گەلێکەوە بریتییە لە ڕاپرسی گەل، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ڕێگای دیکە هەیە، کە خاوەنەکانی مافی چارەی خۆنوسین دەیگرنەبەر بۆداواکردنی ئەم مافە ئەوانیش بریتین لە (لیژنەی بەدواداچونی ڕاستییەکان، چاودێری، هەڵبژاردن، بڕیاری پەرلەمان، دەستەیەکی هەڵبژێردراو کە نوێنەرایەتی گەل دەکات، یاخود لەوانەیە بەبڕیارێکی نێودەوڵەتی لەڕێگای کۆنگرەی نێودەوڵەتی یاخود بەڵێننامەی نێودەوڵەتیەوە بێت) (الدوسكي،٢٠١٣، ١٤٢-١٤٣).

بەڵام لەڕاستیدا لەنێو هەمو ڕێگاکان دو ڕێگای سەرەکی هەیە، کە ئەوانیش (ڕاپرسی، بڕیاری دەستەی نوێنەران) کە لەهەردوکیان پشت بە ویستی گەل لە دیاریکردنی چارەنوسیان دەبەسترێت، کە ئەم دوڕێگایە زیاتر لەگەڵ ناوەڕۆکی مافی چارەی خۆنوسین دەگونجێن (الزیباری،٢٠٠٢، ٣٦٨).

**٢.** ڕێگا نائاشتییەکان بۆ پیادەکردنی مافی چارەی خۆنوسین: دوای ئەوەی مافی چارەی خۆنوسین پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی بوبە مافێکی یاسایی، پاڵپشت بە بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان وچەندین بەڵگەنامی نێودەوڵەتی دیکە، لەسەر ئەم بنەمایەش مافی هەمو گەلێکە هەمو ڕێگایەک بەکاربهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە لە نێویشیاندا خەباتی چەکداری (الدوسكي،٢٠١٣، ١٥٠)، بەتایبەتی لەوانەیە زۆرێک لە وڵاتان بەهۆی ئەوەی کەلەژێر دەستی داگیرکەردان نەتوانن بڕیار لەچارەنوسی خۆیان بدەن بەڕێگای ڕاپرسی یان هەر ڕێگایەکی دیکەی دیموکراتی و ئاشتییانە بۆیە گەلەکەی ناچارە لەپێناو پیادەکردنی ئەم مافە ڕێگەی چەکداری و بەرگریکردن بەکاربهێنێت (القاضي،٢٠١٦، ٧٢).

گومانی تێدانییە ڕێگای خەباتی چەکداری بۆ پیادەکردنی ئەم مافە لەلایەن گەلێکەوە کاتێک دەبێت کەوا هیچ پاساوێک و ڕێگایەکی ئاشتییانە نامێنێ، لەم کاتەشدا گەل دەست بۆ چەک هەڵگرتن و خوێن ڕشتن دەبات لەپێناو بەدەستهێنانی ئەم مافە(الزیباري،٢٠٠٢، ٣٦٥). هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان دانی ناوە بە ڕەوایی بەکارهێنانی هێز لەلایەن گەلانەوە لە پێناو مافی چارەی خۆنوسین لەچەندین بۆنەو کەیسدا، هەروەها بڕیاری لەسەردراوە هەروەک بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ٢٣٢ و ٢٣٥ لە ١٦/کانونی یەکەم/١٩٦٦ و ٢٩/شباط/١٩٧٨ کە بەدوای یەکدا دەرچون، کە ئەنجومەن داندەنێت بە ڕەوایەتی هێزی چەکداری لەلایەن گەلان و بەرگریکردنیان لەپێناو پیادەکردنی مافی چارەی خۆنوسین بەگوێرەی ئەو دەقانەی کە

لەمیساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارەکانی ئەنجومەن و کۆمەڵەی گشتی دا هاتووە. (الزیباري،٢٠٠٢، ٣٦٥-٣٦٦)

### ٣. مافی چارەی خۆنوسینی گەلی كورد لە عێراقدا:

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بەوەی کە مافی چارەی خۆنوسین یەکێکە لە مافە سەرەکییەکانی هەمو گەلێک بەبێ جیاوازی بەپێی هەندێک پێوەری دیاریکراو پاڵپشت بە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان لە نێویشیاندا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بە دەقێکی ئاشکرا ئاماژەی بەم مافە کردووە . لەسەر ئەم بنەمایەش گەلی کورد لە عێراق وەک هەر گەلێکی دیکە دەتوانێ داوای ئەم مافە بکات.
جا لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئەم باسەی توێژینەوەکەمان دابەش بکەین بەسەر سێ تەوەرە، تەوەرەی یەکەم تەرخان دەکەین بە مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد لە دەستورەکانی عێراق، لە تەوەرەی دووەمدا پاساوەکانی داواکردنی مافی چارەی خۆنوسین لە هەرێمی کوردستان دەخەینەڕو، لە تەوەرەی سێیەمیشدا ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ٢٠١٧ ڕوندەکەینەوە.

### ١.٣ مافی چارەی خۆنوسینی گەلی كورد لە دەستورەكانی عێراقدا:

سەبارەت بە بەخشینی مافی چارەی خۆنوسین بە گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان وەک یەکێک لە پێکهاتەکانی دەوڵەتی عێراق، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ دەستورەکانی عێراق بزانین ئایا دەستورەکانی عێراق مافی چارەی خۆنوسینیان بۆ گەلی کورد دەستەبەر کردووە یاخود نا؟
بە وردبونەوە لە گشت دەقی دەستورەکان[1] هەر لە دارشتنی یەکەمین دەستوری ساڵی ١٩٢٥ەوە تا دەگاتە دەستورە کاتییەکانی ١٩٥٨،١٩٦٤،١٩٦٨،١٩٧٠ی عێراق دا دەبینین هیچ دەقێک لە خۆناگرێت تیایدا ئاماژە بە مافی چارەی خۆنوسین بکات بۆ پێکهاتەکانی لە نێویشیدا گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان،هەرچەندە لە ماوەی تەمەنی ئەم دەستورانە چەندین دەستکەوتی گرنگ دیاریکراوە بۆ گەلی کورد جا چ لە نێو دەستورەکان دەقنوس کرابێت یاخود بڕیاری لەسەر درابێت، لەوانە کاتێک ولایەتی موسڵ لکێنرا بە دەوڵەتی عێراق لە بەرواری ١٩٢٥/١٢/١٦ بە بڕیارێکی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان، هەر لەوکاتەش بەبڕیارێک عێراقی پابەند کرد بە دامەزراندنی ئیدارەیەکی تایبەت بە ناوچە کوردییەکان، دواتریش عێراق یاسای زمانەوانی ناوخۆیی ژمارە ٧٤ لە ١٩٣١/٥/٢٣ی دەرکرد(عمر،٢٠٠٥، ١٣٤-١٣٦). هەروەها لە مادە ٣ی دەستوری کاتی (١٤/تموز/١٩٥٨)ی عێراق دا هاتووە ''... عەرەب و کورد بە هاوبەشی دادەندرێن لەو وڵاتە و ئەم دەستورە داندەنێت بە مافە نەتەوەییەکاندا لە چوارچێوەی یەکێتی عێراق''، لە مادە ٧ یشیدا داهاتوە"گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە". زیاتر لەمەش لە مادە ٧ی دەستوری کاتی ١٩٧٠یدا هاتوە "زمانی کوردی زمانی ڕەسمی یە لە پاڵ زمانی عەرەبیدا لە ناوچە کوردییەکان"، هەر لەژێر سایەی ئەم دەستورە دانوستاندنێک کرا لە نێوان حکومەتی عێراق و کورد لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد، لەسەر ئەم بنەمایەش هەردولا ڕێککەوتن لەسەر بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، بەگوێرەی ئەم بەیاننامەیەش عێراق دانی نا بە حوکمی خۆجێیی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا، هەروەها ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) لە ١١/ئازاری/١٩٧٤ دو بڕیاری گرنگی دەرکرد سەبارەت بە کێشەی کورد، یەکەمیان بڕیاری ژمارە٢٤٧ بوو کە تایبەت بو بە هەموارکردنەوەی دەستوری ١٩٧٠ی کاتی، ئەویش بە زیادکردنی بڕگە ج بو لە مادە ٨، بڕگەکەش بریتی بو لە " ئەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن ئەوە مافی حوکمی خۆجێییان دەبێت بە پێی ئەوەی کە لە یاسادا دیاری دەکرێت"، بڕیاری دووەمیش ژمارە ٢٤٨ بو کە بریتی بو لە دەرچونی یاسای حوکمی خۆجێیی ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩٧٤ (عبدالله،٣٦٠،٢٠٢٠-٣٦١)، ئەوانە گشتییان بە خاڵی ئیجابی دادەنرێن بۆ گەلی کورد، بەڵام سەبارەت بە پرسی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد بە هۆی ئەوەی دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، گۆڕانکارییەکی گەورە ڕویدا لە گۆڕەپانی عێراقدا، عێراق پێینایە قۆناغێکی نوێوە، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانین زیاتر تیشک بخەینە سەر ئەم پرسە لەم قۆناغەدا، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەم تەوەرە دابەش دەکەین بەسەر دو لقدا، لە لقی یەکەم باسی هەڵوێستی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی٢٠٠٤ دەکەین، لە لقی دووەمیش باسی هەڵوێستی دەستوری ٢٠٠٥ی عێراق سەبارەت بە مافی کورد لە دیاریکردنی چارەنوسی دەکەین

### ٢.٣ یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی ٢٠٠٤:

لە نێو یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی ٢٠٠٤دا چەند دەستکەوتێکی گرنگی بۆ کورد تێدا بەدی دەکرێت هەروەک لە ماددە(٧/بڕگە ب) دا هاتووە "عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و گەلی عەرەب تیایاندا بەشێکی جیانەکراوەی نەتەوەی عەرەبە" گرنگی ئەم ماددەیە لەوەدایە کەوا دان بەوەنراوە کە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، ئەمە لەدەستورەکانی پێشوتردا ئەم خاڵە بەدینەکراوە، زیاتر لەمەش لەدەستورەکانی پێشوتردا هاتووە عێراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب، بەڵام لەم یاسایەدا بەو شێوەیەدا هاتووە کە عەرەب بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، ئەمەش مانای ئەوەیە کورد بەشێک نییە لە نەتەوەی عەرەب، بەڵکو بەشێکە لەنەتەوەی کورد، هەروەها نەتەوەکانی دیکەی ناو عێراقیش بەشێک نین لە نەتەوەی کورد و عەرەب (محمد،٢٠١٠، ١٢٥).
هەر لە ماددە ٧ی یاساکەیە تیایدا هاتووە "زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دو زمانی فەرمی عێراقن، مافی عێراقیەکانیشە کە ڕۆڵەکانیان لەدەزگا فێرکارییەکانی حکومەتدا بەپێی پرەنسیپە پەروەردەییەکان، بە زمانی دایک وەک تورکمانی و سریانی یان ئەرمەنی بخوێنن، یان بەهەر زمانێکی تر لەدامەزراوە فێرکارییە تایبەتییەکاندا".
بەگوێرەی ئەم ماددەیە زمانی کوردی بە زمانی فەرمی ناسراوە لە سەرانسەری عێراقدا، ئەمەش دەستکەوتێکی گرنگە بۆ کورد چونکە بەگەڕانەوەمان بۆ دەستورەکانی پێشوتر دەبینین زمانی کوردیان تەنها بۆ ناوچە کوردنشینەکان بەفەرمی کردووە، بەڵام لەم یاسایەدا ناساندنی زمانی کوردی بەفەرمی لەسەرانسەری عێراق بایەخدارە بۆ گەلی کورد لەناوخۆی عێراق و تەنانەت لەدەرەوەی وڵاتیش، چونکە بەرپرسانی کورد دەتوانن لە کۆبونەوە نێودەوڵەتییەکانیشدا زمانی کوردی بەکاربهێنن (عبدوڵلا،٣٢،٢٠١١).
هەروەها لە مادە ٢٣یدا هاتووە: "نابێت ئەو مافانەی لێرەدا باس کراون وا سەیربکرێن کە ئەمە هەمو مافەکانی ڕۆڵەکانی گەلی عێراقن، بەڵکو هەمو ئەو مافانەیان هەیە کە شایەنی گەلێکی ئازادی خاوەن سەروەری مرۆڤانەیە، بەو مافانەشەوە کە لە پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و بەڵگەنامەکانی یاسای نێودەوڵەتیدا سەلمێنراون و عێراق ئیمزای کردون یان ئەندامە تیایاندا،هەر مافێکی تر کە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی وڵاتان پابەندن پێی،..."، جگە لەمەش لە مادە ٢٧/ بڕگە هـ لە هەمان یاسادا هاتوە "حکومەتی گواستنەوەی عێراق ڕێز دەگرێت لە پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی عێراق تایبەت بە قەدەغەکردنی بڵاوبونەوە و پەرەپێدان و بەرهەم هێنان و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و کیمیایی و بایلۆژی، ....". بە وردبونەوە لە

هەریەک لەم دو مادە دەردەکەوێت کە عێراق ڕێز دەگرێت لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لەم خاڵەوە دەتوانین داکۆکی لە مافی چارەی خۆنوسین بکەین وەک بنەمایەکی ناو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها لە مادە ٥٣/بڕگە أ دا هاتووە "داندەنرێ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سیفەتی ئەوەی کە حکومەتێکی ڕەسمییە لەو ناوچانەی کەلە ١٩/ئازار/٢٠٠٣ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبرا کە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێرو سلێمانی و کەرکوک و دیالی و نەینەوا دەگرێتەوە، چەمکی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) کە لەویاسایەدا هاتووە بەمانای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، و ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و دەسەڵاتی دادوەری هەرێم دێت لە هەرێمی کوردستان".

زیاترلەمەش ئاماژە بە مادە ٥٨ دەکەین کە تیایدا یاسادانەری دەستوری سوربووە لەسەر لابردنی دەسەڵاتی ستەمکاری کە لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو ئەنجام دەدرا، کە خۆی دەنواند لە زوڵم و ستەم و کۆچ وڕاگواستن و بێ بەش کردن لەکارکردن و نەهێشتنی ڕەگەزنامەو دەستبەسەر داگرتنی زەوی و زاری خەڵکی و جوتیاران هەروەها چۆڵکردنی ئەو گوندانەی کە کوردەکان یان نەتەوەی دیکەی تێدا دەژیا وەک تورکمان و شیعە.

### ٣.٣ دەستوری هەمیشەیی عێراق ٢٠٠٥:

دەستوری هەمیشەیی عێراق یەکێکە لەو دەستورانەی لەهیچ دەقێکی دەستورەکە بە ڕاشکاوانە ئاماژەی بە مافی چارەی خۆنوسین نەکراوە (فەقێ ،٢٠١٤،٤٨)، هۆکاری نەبونی بیرۆکەی پێدانی مافی چارەی خۆنوسین بەگەلی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا بەهیچ شێوەیەک چاوەڕێی ئەوە نەدەکرا یاخود ئەو بابەتە قابیلی گفتوگۆ نەبو لەو کاتە ناسکەی کە دەستوری ٢٠٠٥ی تێدا نوسراوە، جگە لەوەش گومانی تێدانییە بیرۆکەی لەمشێوەیە نەدەکرا گفتوگۆی لەسەربکرێت بەتایبەتی لەماوەی پێش ساڵی ٢٠٠٣ کە حکومەتی دیکتاتۆری پەیڕەودەکرا لە عێراق و دەستوری ساڵی ١٩٧٠ جێبەجێ دەکرا (البياتي وكشكول،١٨٢،٢٠١٩) ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە هۆکاری باس نەکردنی مافی ناوبراو لەدەستوری ٢٠٠٥دا بۆ هۆکاری ناوخۆ و دەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکێک لەهۆکارە ناوەخۆییەکان زۆرینەی پێکهاتەکانی گەلی عێراق لە نەتەوەی عەرەبن، بۆیە جێگیرکردنی ئەم مافە لە دەستوردا ئاسان نەبو، جگە لەمەش هۆکاری دەرەکیش ئەوەبو کە دەوڵەتە زلهێزەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە نوسینی دەستورو دانانی هەبو (حاجی،٢٠١١،٥٧).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەشی کۆتایی دیباجەی دەستورەکە دا هاتووە"پابەندبون بەم دەستورەوە یەکێتی ئازادانەی گەل و زەوی و سەروەری عێراق دەپارێزێت".

بەگوێرەی ئەم بەشەی دیباجەکە بێت ئەگەر بێت و هەریەک لەلایەنەکانی ئەم یەکگرتنە سەلماندی کەوا ئەم دەستورە پێشێلکراوە تەنانەت لەیەک بڕگەش بێت لە بڕگەکانی، ئەوکات مافی ئەوەی هەیە ئەم یەکگرتنە کۆتایی پێ بێنێت و وازی لێبێنێت (فەقێ،٢٠١٤،٤٨).

شایەنی باسە هەروەک لەپێشوتردا ئاماژەمان بە مادە ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی ٢٠٠٤دا کە تایبەت بو بە ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئەگەرچی کەم وکوڕیشی تێدابوو، بەڵام کورد هیوایەکی زۆری و پێی هەبو و قبوڵی کرد و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی دەست پێکرد، جا بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە هەردو حکومەتی کاتی ئەیاد عەلاوی و حکومەتی قۆناغی گواستنەوەی جەعفەری بە شێوەیەکی دەستوری پابەند کرابون، بەڵام هیچیان هەنگاوێکی ئەوتۆیان نەنا بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە، و دواجاریش ئەم ماددەیە بە هەڵپەسێردراوی مایەوە و جێبەجێ نەکرا، ئینجا دوای ئەوەی دەستوری ٢٠٠٥ دانرا ئەم ماددەیە گوێزرایەوە ناو ئەم دەستورە و لە مادە ١٤٠ی دەستورەکە بەرجەستەکرا (سۆفی،٢٠٠٧، ٢١٣).

ناوەڕۆکی مادە ١٤٠ یش بەمشێوەیەیە "یەکەم، دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەنگاوی پێویست دەگرێتە بەر بۆ تەواوکردنی جێبەجێ کردنی داخوازیەکانی ماددەی ٥٨ لەیاسایی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بە هەمو بڕگەکانییەوە. دووەم، ئەو بەرپرسیاریەتییەی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە حکومەتی گواستنەوەدا و لە دەقی ماددەی٥٨دا هاتووە لەیاسایی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە درێژ دەبێتەوە و بەردەوام دەبێت بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەڵبژێردراو بە گوێرەی ئەم دەستورە بەو مەرجەی کە بەتەواوی قۆناغەکانی جێبەجێبکات (ئاسایکردنەوە، سەرژمێری، لە کۆتاییدا ئەنجامدانی ڕاپرسی لە کەرکوک و ناوچەکانی تر کە ناکۆکیان لەسەرە بۆ دیاریکردنی ویستی هاوڵاتیان) لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لەمانگی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ تێپەرنەکات".

مەبەستیش لە ناوچە کێشەلەسەرەکان بریتییە لە (ململانێ و کێشەو ناکۆکی لەسەر سەروەری چەند زەویەک یان چەند ناوچەیەکی دیاریکراو)، سەبارەت بە ناوچە کێشە لەسەرەکان لە عێراق ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق چەندین ناوچەیان لە کوردستان دابڕیوە، ناوچەکانیش پارێزگاکانی کەرکوک، موسڵ، دیالە دەگرێتەوە، جێگای باسە ناوەڕۆکی مادە ١٤٠بایەخێکی گرنگی هەیە، لەبەر ئەوەی تایبەتە بە پرسێک کە پەیوەندیدارە بە خاک و سنوری هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، هەر بۆیەش تا ئێستا ئەم دۆسیەیە بە چارەسەرنەکراوەیی ماوەتەوە (محمد أمين،٢٠١٦، ٦٦-٦٧). جا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە لە مادە ٢٢ی کارنامەی حوکمەتی عێراق بە سەرۆکایەتی(نوری المالكي)دا جەخت کرا لەسەر جێبەجێکردنی مادە ١٤٠ بە هەر سێ قۆناغەکەیەوە کە لەماددەکەدا هاتووە "حکومەت پابەندە بە جێبەجێکردنی مادە ١٤٠ی دەستور کە پشت بە مادە ٥٨ ی یاسای ئیداری دەوڵەت دەبەستێت، و خۆی لە سێ قۆناغی سەرەکیدا دەبینێتەوە (ئاساییکردنەوە، ئامار، ڕاپرسی) لە کەرکوک و ناوچەکانی دیکە کە ناکۆکیان لەسەرە، حکومەت هەر لەدوای دامەزراندنیدا هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی هەنگاوی پێویست بۆ ئاسایی کردنەوە، وەکو گەڕانەوەی قەزاو ناحیەکان بۆ سەر ئیدارەی کەرکوک کە لەبنەڕەتدا سەر بەکەرکوک بونە، ئەم قۆناغە لە ٢٠/ئازار/ ٢٠٠٧ دا کۆتایی پێدێت، قۆناغی ئامارێش لە ٣١/ تەموز/ ٢٠٠٧ دا دەست پێدەکات، دوا قۆناغیش کە ڕاپرسی یە لە ١٥/ تشرینی دووەم/ ٢٠٠٧ دا کۆتایی پێدێت" (شکری، ٢٠٠٨، ١٤٤-١٤٥).

شایەنی باسە لەگەڵ ئەوەی نوری مالکی هەندێک هەنگاوی نا وە ولەچەندین کۆبونەوە پابەند بونی خۆی بۆجێبەجێکردنی مادە ١٤٠ دووپاتکردەوە، بەڵام کارێکی ئەوتۆی نەکرد کە ببێتە هۆی جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە (سۆفی،٢٠٠٧،٢١٧-٢١٨). جا سەبارەت بە بەهای دەستوریی ئەم ماددەیە بیروبۆچونی جیاواز لەسەری لەلایەن یاساناسەکان هەیە، هەندێکیان پێیان وایە کە ئەم ماددەیە بەهای دەستوری نەماوەو لەکارکەوتووە، بە بەڵگەی ئەوەی دەبو ئەم ماددەیە لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ جێبەجێ کرابا(عبدالله،٢٠١٧، ٤٤٥-٤٤٦).

لەبەرامبەردا بەشێکی دیکە لە یاساناسان[2] پێیان وایە ئەم ماددەیە هێزی دەستوری ماوەو لەکارنەکەوتووە، لەڕاستیدا لە یاسادا هەر مافێک بۆئەوەی هێزی یاسایی هەبێت ماوەیەکی بۆ دانراوە لە لایەن یاسادانەرانەوە، کە پێی دەگوترێت (المدة

الحتمية) ئەمەش لە پێناو هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی و جێگیرکردنی مامەڵەکان دانراوە، وەک و ماوەی کەوتن(سقوط) کە لە یاسای شارستانی و مرافعات دا هەیە.جا لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات ئایا هەبونی ماوە لەمادده ١٤٠ دەچێتە چوارچێوەی ئەمجۆرە ماوە؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە مەبەستی هەبونی ماوەی حەتمی بزانین بەشێوەیەک کە مەبەست لەبونی ئەم ماوە حەتمیە بریتییە لەجێگیربونی مامەڵەکان بەشێوەیەک کە لەئەنجامدا بەرژەوەندی گشتی دێتەدی، بەڵام هەبونی ماوە لەمادده ١٤٠ دا بریتییە لەچارەسەری کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لە نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێمی کوردستان کە واجبە لەسەر حکومەتی عێراق کە هەڵسێ بەهەندێ کاری دیاریکراو لە چەند قۆناغێکی یەک لەدوای یەک (ئاسایی بونەوەو سەرژمێری و راپرسی) وە مەبەست لەبونی ئەم ماوەیە کە هاتووە بۆ چارەسەری کێشەکەیە، و جێبەجێکردنی ئەو پابەندبونانە پێوانە ناکرێ بە کات، بەڵکو پێوانە دەکرێ بە چەندیەتی کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە لەو مادده دا هەیە.

هەر سەبارەت بە بەهای دەستوری مادده ١٤٠ کە ئایا هێزی یاسایی ماوە یان لە کارکەوتووە، دادگای باڵای فیدراڵی لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٢٨ بڕیاری ژمارە ٧١/إتحادية/٢٠١٩ی دەرکرد کە تیایدا هاتووە لە دوای لێکۆڵینەوە و تێڕامانی دادگای باڵای فیدراڵیدا دەرکەوت کە بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ پێویستە دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەڵسێ بە گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی مادده ٥٨ ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بە هەمو بڕگەکانی هێشتا لەسەر بنەمای مادده ١٤٣ی دەستور لە جێبەجێکردن دان کە ئەمەش بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە مادده ٥٨ ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ئاماژەی پێکراوە بە مەبەستی بەدیهێنانی دادپەروەری لەو ناوچانەی گۆڕانکاری لە بارودۆخی دانیشتوانی کراوە لە ڕێگەی دورخستنەوە و دەربەدەری و کۆچکردنی زۆرەملێ بە پێی ئەو هەنگاوانەی کە لە مادده ٥٨ی سەرەوە داهاتووە، دادگا بڕیاریدا بەوەی کە وادەی جێبەجێکردنی مادده ١٤٠ی دەستور ماوە ئەرکی جێبەجێکردنیشی لە ئەستۆی لایەنی پەیوەندیدارە کە جێبەجێیان بکەن و ئامانجەکەی بەدیبهێنن بە پێی ئەو هەنگاوانەی کە لە مادە ٥٨دا هاتووە.

کەواتە پاڵپشت بەو بڕیارەی ژمارە ٧١/إتحادية/٢٠١٩ ی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق مادده ١٤٠ی دەستوری ٢٠٠٥ هێزی یاسایی ماوە. دوای ئەوەی دەستوری ٢٠٠٥دانرا، سەرکردایەتی سیاسی کورد ڕایگەیاند کە کورد مافی چارەی خۆنوسینی لە چوارچێوەی دەستوری عێراقی هەمیشەیی هەیە، ئەویش لەڕێگای ئەو دێڕەی کۆتایی دیباجەکە کەتیایدا هاتووە "پابەندبون بەمدەستورەش یەکێتی ئازادانەی گەل و خاک و سەروەری عێراق دەپارێزێت". کە بێ گومان لە دواجاردا ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بەڕادەیەکی زۆر پاڵپشت بەم دەقە ئەنجام درا.

لەڕاستیدا بیروڕایەک هەیە، دەڵێت دیباجە هێزی پابەندبونی نییە، وسەبارەت بەم بڕگەی کە لە دیباجەکەدا هاتووە "پابەندبون بەمدەستورە یەکێتی ئازادانەی گەل و زەوی و سەروەری عێراق دەپارێزێت" هیچ سودێکی نییە، چونکە پێیان وایە دیباجە بریتییە لەبیرو هزری فەلسەفی دەوڵەت وە پێوەری پابەند بون پێویست بەدەقێک دەکات لەناو دەستوردا هەبێت، ئینجا لایەنەکان پێوەی پابەند دەبن، بۆیە لایەنەکانی پرۆسەی سیاسی پابەندی دیباجە نابن (فەقی،٢٠١٤، ٤٨)، هەروەها بە تەنها پاڵپشت بەم دێرەی دیباجە ناتوانرێت مافی چارەی خۆنوسین بچەسپێنرێت، چونکە بەڕون و ئاشکرا نەهاتووەو هیچ ڕێکارو ڕێوشوێنێکی دیاریکراوی دانەناوە بۆ ئەو مەبەستە، زیاترلەمەش ئەم دێڕە لەدیباجەی دەستورەکەدا هاتووە بەپێی عورفی دەستوریش بەهای یاسایی لە دیباجە جێگیرنییە، تەنها ئەگەر لەناوەرۆکی دیباجە هاتبێ کە بەهای یاسایی دیباجە هەمان بەهای یاسایی ناوەرۆکی دەستوری هەیە، واتە دیباجە بەشێکە لە دەستور ئەو کات دەتوانرێت بە تەواوی هاوشان لەگەڵ ناوەرۆکی دەستورەکە پشت بە دیباجەی دەستورەکە ببەسترێت (حسن،٢٠٠٧، ١٠٤).

ئێمەش وەک توێژەر پێمان وایە ئەم دێرەی کۆتایی دیباجە کە دەڵێت(پابەندبون بەمدەستورە یەکێتی ئازادانەی گەل و زەوی و سەروەری عێراق دەپارێزێت ) مانای مافی چارەی خۆنوسین بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگەیەنێت، بەڵام لەبەرئەوەی بیروڕای جیاواز لەسەر هێزی یاسایی دیباجەی دەستور هەیە، بۆیە ناتوانین بڵێین دەستوری ٢٠٠٥ی عێراق ڕاشکاوانە مافی چارەی خۆنوسینی بەخشیوە بە پێکهاتەکانی.

## ٤. پاساوەکانی داواکردنی مافی چارەی خۆنوسین لە هەرێمی کوردستان:

گەلی کوردیش یەکێکە لەوگەلانەی کەوا چەندین پاساوی هەیە، کە دەتوانێت پشتیان پێببەستێت بۆ ئەوەی مافی چارەی خۆنوسین پیادەبکات.

### ١.٤ نایاسایی لکاندنی باشوری کوردستان بە عێراق[3]:

سەبارەت بە بارودۆخی لکاندنی کوردستانی باشور بە عێراق لە چوارچێوەی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیەی کە لەم بەشەی خاکی کوردستاندا هەبو، سەرەتای گرتنەبەری ڕێککاری پێویست بۆ ئەم پرسە بۆ مادده ٣ی پەیمانی لۆزان١٩٢٣ دەگەڕێتەوە، دواتریش ڕێککاری پێویست بۆ یەکلایکردنەوەی ئەم پرسە لەلایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان گیراوەتەبەر، دواجاریش کۆتای هاتنی ئەم ناکۆکیە بەبەستنی گرێیەستێکی سێ لایەنە لەنێوان هەریەک لە بەریتانیا، ترکیاو عێراق لەساڵی ١٩٢٦ (الزيبارى،٣٨٤،٢٠٠٢).

جا پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە ٢٦٢٥ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٧٠/١٠/٢٤ ، لکاندنی باشی کوردستان بە عێراقەوە نایاساییە، چونکە ئەم بڕیارە پشتگیری ئەم چوارچێوە یاساییە دەکات و دەڵێ "ئەو گەلەی لەهەرێمێک دەژیت و ژێردەست کراوە، دوای پەسەندکردنی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٤٥، ژێردەستی داگیرکەری بێگانەیە یان لکێنراوە بەشێوەیەک کە ڕیفراندۆمی گەل بەشێوەیەکی ئازادو دادپەروەری ڕەزامەندی بۆ نەبووە، مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆی هەیە" (وەیسی،٤٤،٢٠١٧).

### ٢.٤ پێشێلکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق:

لەدەوڵەتی عێراقیش کۆمەڵێک پێشێلکاری دەستوریی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئەنجامدراوە، کە بەپاساوێکی بەهێز بۆجیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراقی فیدراڵدادادەنرێت، لەگرنگترینیان ئەمانەن:

١. حکومەتی عێراق ڕێزی لەو بەندە دەستوریانەی کە تایبەتە بەهاوبەشی و مافەکانی مرۆڤ نەگرتووە، بنیادنانی دیموکراتی، جۆراوجۆری سیاسەت و فرە تائیفی، هەروەها پەکخستنی ئەودەقە دەستوریانەی کە ئاماژە بە ژمارەیەک مەسەلەی گرنگ بۆ ڕێکخستنی یاسا ئاساییەکان دەکات، کە ژمارەیان ٥٤ یاسایە بۆ ئامانجی بنیادنانی

دیموکراتی و سیستەمی فیدراڵی بەهێزکردن و بنیادنانی دام و دەزگاکانی دەوڵەت، و زۆربەی زۆری ئەم یاسایانە تا ئێستا دەرنەچوونە(عبداللە ،٢٠١٣، ١٣٢).

٢. یەکێک لە پاساوە بەهێزەکانی دیکە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق جیابێتەوە، بریتییە لەجێبەجێ نەکردنی ماددە ١٤٠ی دەستوری ٢٠٠٥ی عێراق کە شوێنگرەوەی ماددە ٥٨ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراقە بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی ٢٠٠٤ (مەعروف،٢٠١٨، ٣٥).

### ٣.٤ کورد تاوانی نێودەوڵەتی بەرامبەر ئەنجام دراوە:

گەلی کورد لە عێراق چەندین ساڵە لە ئەنجامی نەبونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لەسایەی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق دەناڵێنێت، هەمیشە بونەتە قوربانی تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و لەناوبردنی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لەکۆتایی هەشتاکان گەلی کورد توشی نەهامەتی و چەوسانەوەیەکی زۆر بۆوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەشێوەیەک هێزی سەربازی عێراقی هەڵسا بە ئەنجامدانی هەڵمەتی تاوانی ئەنفال لەکوردستان (عبداللە،١٢٧،٢٠١٨).

سەبارەت بەو تاوانانەی دەرهەق بەگەلی کوردستان کرا لەلایەن ڕژێمی بەعس پاساوێکی گرنگە بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنوسین لەهەرێمی کوردستان، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەدانیشتنی نۆیەمی پەرلەمانی عێراق لە ٢٠٠٨/٤/١٤ دا، شاڵاوی ئەنفال بەجینۆساید و جەنگی لەدژی مرۆڤایەتی ناسێنراو، دواتریش ئەم بڕیارە لەلایەن سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٦ی ٢٠٠٨ پەسەندکرا، زیاتر لەمەش دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراقدا ٤ بڕیاری دەرکرد بەپشتبەستن بە ئەحکامەکانی ماددە ١٣٢ی دەستوری هەمیشەیی ٢٠٠٥، و ماددە ٢٠٤ی یاسای مەدەنی ژمارە ١٤٠ی ساڵی ١٩٥١ کەتیایدا تاوانەکانی ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کوردستان لە ئاوارەکردن و کۆچپێکردن و ڕوخاندنی گوندەکان و پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانکردندا بە قڕکردنی بە کۆمەڵ و جینۆساید ناساند(بۆردی مافی چارەی خۆنوسین،٢٠١٦، ١٩).

### ٤.٤ مافی چارەی خۆنوسینی کوردستان بەگوێرەی بنەماکانی یاسایی نێودەوڵەتی گشتی:

لەڕاستیدا میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی دیکە ئاماژەیان بە ماف و ئەرکی دەوڵەتان داوە، لەگرنگترین مافیش، بریتییە لە مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلانی جیهان، کە بەمافێکی بنەڕەتی و ڕەوای هەموو گەلێک بەبێ جیاوازی زمان دادەندرێت، مێژو، ڕەگەزو پێگەی هەڵکەوتەی جوگرافی ئەم گەلە، یاخود بەبێ جیاوازی بەهێزی و بێ هێزی، دەوڵەمەندی و هەژاری ئەم گەلە، ئەمەش مانای وایە هەموو گەلێک کە سەدان ساڵە لەسەر خاکێک نیشتەجێیە مافی ئەوەی هەیە سەربەخۆ و خاوەن سەروەر لەسەر ئەم خاکە بژین (مەعروف،٤٢،٢٠١٨).

لەسەر ئەم بنەمایەش دوای ئەوەی مافی چارەی خۆنوسین سیفەتی یاسایی وەرگرت و بووە بنەمایەکی یاسایی نێودەوڵەتی و ڕێسایەکی ملزمە، بەمەش ئیلتزام دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، جا عێراقیش یەکێکە لە دەوڵەتە ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە، بەمەش پێویستە لەسەری پابەند بێت بە ناوەڕۆکی یاساوڕێساکانی ڕێکخراوەکەو ئەرکی دەکەوێتە سەر شان و دەبێت کۆمەڵێک کار بە شێوەیەکی تاک لایەنە یاخود هاوبەش لەپێناو هاوکاری و خۆگونجاندن لەگەڵ دام و دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، جا مافی چارەی خۆنوسینیش دەقنوس کراوە لە نێو ئەم ڕێکخراوە، هەر بۆیە پێویستە عێراق پابەند بێت پێی و بەپێی ئەو پابەند بونانەی کە لەماددە ٥٦ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان داهاتووە ڕێگە بە پێکهاتەکانی بدات مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی هەبێت (الزیباری،٣٧٥،٢٠٠٢).

### ٥.٤ هەبونی خاڵی بەهێزو پێکهێنەری گەل لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان:

میللەتی کورد کۆنترین نەتەوەیە کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشتەجێیە، کە هەزاران ساڵە لەسەر زێدی باب و باپیرانی دەژی، و خاوەن زمان و ناسنامە و دابونەریتی تایبەت بە خۆیەتی کە بە درێژایی مێژو پارێزگاری لێکردون، هەروەها خاوەن شوێنێکی جوگرافی و سنوری دیاریکراوە، هەرچەندە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە چەندین ناوچەی گرنگی لێدابڕێنراوە و داگیرکراوە، دەکرێت بگوترێت کەوا هەمو ئەو نەهامەتی و ستەمانەی دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجام دراوە، هۆکارەکەی بۆ پارێزگاریکردنی کورد لە شوناس و ناسنامەی تایبەتی خۆی و چۆک دانەنان و ملکەچ نەکردن بۆ دوژمن دەگەڕێتەوە، زیاترلەمەش داواکردنی مافی چارەی خۆنوسین لەلایەن گەلی کوردەوە لەبنەڕەتدا لەپێناوی جێگیرکردنی ناسنامەی تایبەت بەخۆی و ڕێگای ژیانێکی جیاواز بو(ڕێکانی،٢٠١٤، ٣٨؛ حسن،٢٠٠٧،٨٤-٨٥؛ نانەکەلی،٢٥٤،٢٠١٩؛ الزێباری،٢٠٠٢، ٣٨١-٣٨٢)

### ٦.٤ بونی ڕەگەزەکانی پێکهێنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان:

هەردەوڵەتێک لەسێ ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت کە ئەوانیش (گەل، خاک و دەسەڵاتی سیاسی)، بۆیە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت پێویستە ئەم سێ ڕەگەزە بونی هەبێت لەهەمو کات و شوێنێک بۆ هەر گەلێک کە مافی چارەی خۆنوسینی هەیە بەپێی ڕێسای نێودەوڵەتی پاڵپشت بە ماددە ١/٧ پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی ڕۆشنبیری و رامیاری کە پاشکۆی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤی ساڵی ١٩٤٨ (نانەکەلی،٢٠١٩،٢٥٢).

سەبارەت بە گەلی کورد کە لەناوچەیەکی ناسراو دەژی، خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسی تایبەت بەخۆیەتی کە سنوری هەرێمەکە لەدەستوری ٢٠٠٥ی عێراق دانپێدانراوە، و ناوچە جێناکۆکەکان کە تائێستا هەروەکو خۆی ماونەتەوە، لێرەدا دەتوانین بڵێین هەمو ڕەگەزەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان بونی هەیە (عبداللە، ٢٠٢٠، ٣٧٧).

## ٥. خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان ٢٠١٧:

ریفراندۆم واتا "گەڕانەوە بۆ گەل بە قبوڵ کردن یان ڕەتکردنەوەی بابەتێکی یاسایی، دەستوری، یان سیاسی، بەسیفەتی خاوەن سەروەری" (رمضان، ٢٠٢٠، ٣٣)، کە بەیەکێک لە ڕێگا ئاشتییەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین لەلایەن گەلێک دادەنرێت، گەلی کوردیش وەک هەر گەلێکی دیکەی زوڵم لێکراو لە پێناو گەیشتن بە خەون و ئاواتی لەمێژینەی کە چەندین ساڵە خەباتی بۆ کردووە و قوربانی بۆ داوە،هەڵسا بەتاقیکردنەوەی یەکێک لە ڕێگا یاساییەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین کە بریتییە لە ریفراندۆم لە ٢٠١٧/٩/٢٥ لەهەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان ئەنجامی دا.

سەرۆکایەتی هەرێم و لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان دوای چەندین کۆبونەوە بڕیاریان دا کە لە ڕێککەوتی ٢٠١٧/٩/٢٥ ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان بە ناوچە جێناکۆکانیشەوە ئەنجام بدرێت. جێگەی ئاماژە پێدانە مافی ئەنجامدانی ریفراندۆم

بەگوێرەی هەریەک لە یاسایی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، هەروەها یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان-عێراق ژمارە ٣ ساڵی ١٩٩٢ نەدراوە بە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵکو ئەم مافە سپێردراوە بە پەرلەمان پاڵپشت بە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو کە لەدەقی مادده ٥٦ لە خاڵی ٢دا هاتووە کەوا پەرلەمان ئەم ئەرک و دەسەڵاتە جێبەجێدەکات "...بڕیاردان لە ڕێککەوتنەکان، یەکلاکردنەوەی پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان-عێراق، دیاریکردنی پەیوەندی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی".

کەواتە پاڵپشت بەم بەڵگە یاساییانەی سەرەوە، دەردەکەوێت کە بۆ پرسە چارەنووسسازەکان بۆ گەلی کوردستان بۆ پەرلەمان دەگەڕێنەوە، سەبارەت بەبابەتی جیابونەوە و سەربەخۆیش یەکێکە لەو بابەتانەی دەکەوێتە چوارچێوەی پرسە چارەنووسسازەکان بۆیە مافی دەستپێشخەری ڕیفراندۆم لەدەسەڵاتی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانە (عبدالله،٢٠١٩، ٧١-٧٢).

هەرسەبارەت بە ڕیفراندۆم فەرمانێک لەلایەن سەرۆکی هەرێم دەرکرا ئەویش فەرمانی ژمارە ١٠٦بو لە ڕێککەوتی ٢٠١٧/٦/٨ کە تیایدا هاتووە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی و پشت بەستن بە بنەمای مافی چارەی خۆنوسین کە مافێکی دانپێدانراوە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ گەلانی جیهان و نەتەوەکان، بەو پێیەی گەلی کوردستان گەلێکی خاوەن هەمو تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی لە ڕوی خاک، زمان، کەلتور،مێژو، شوناس و گشت بنەماکانی پێناساندنی وەکو گەلێک بەهەمو پێکهاتەکانییەوە بە هەمو پێوەرە مرۆیی و نێودەوڵەتییەکان مافی هەیە بڕیاربدات لەسەر دیاریکردنی جۆری ژیان و داهاتوی خۆی.

شایەنی باسە لەگەڵ ئەوەی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەلایەن سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان درا، بەڵام ئەم بابەتە سەرەتا لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتان بەگشتی تەنانەت بەغداش بەهەند وەرنەگیرا، بەڵکو وا لێکدرایەوە کە تەنها کارتێکی گوشارە بۆ سەر بەغدا لەلایەن هەرێمی کوردستان بەکاردەهێندرێت. بەڵام دوای ئەوەی هەموان لە جدیبونی هەرێم لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم گەیشتن ئینجا دژایەتییەکی زۆر کراو گوشار خرایە سەر هەرێم کە نابێت ئەم ڕیفراندۆمە بکرێت، جێگەی سەرنجە هەڵوێستی زۆربەی دەوڵەتانیش ئەوە بو کە ئەوان مەبەستیان ئەوە نییە کەهەرێمی کوردستان پەیڕەویی مافەکان نەکات، بەڵکو کێشەکەیان لەگەڵ کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەیە کە پێیان وابو لەو کاتەدا گونجاو نییە ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت و پێویستە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دانوستاندن کێشەکانی لەگەڵ بەغداد چارەسەربکات (بارزانی، ٢٠٢٠، ٩٠-٩١).

زیاتر لەمەش چەندین دەوڵەت هەڵوێستی خۆیان دەربڕی پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە کە داوایان دەکرد پێویستە ڕیفراندۆمەکە دوابخرێت و بە توندی ڕەخنەیان لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەکە گرت، هەر یەک لەیەکێتی ئەوروپاو ڕوسیای فیدراڵ بە ڕەسمی لەڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٠ ڕاپرسیەکەیان ڕەتکردەوەوە و پشتیوانی خۆیان دوپاتکردەوە لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق، هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ئەوکات (مسعود بارزانی) لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین بەڵێنی پێدرا لەڕێگەی ناردنی بەڵێن نامەیەک بە ئیمزای وەزیری دەرەوە (ڕیکس واین تیلرسون)بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ئەوکات (مسعود بارزانی)، بەڵام ئەم بەڵێن نامەیە لەلایەن بارزانی پشتگوێ خرا، لەسەر ئەم بنەمایەش نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەیاننامەیەکی دەرکرد، کە تیایدا ڕیفراندۆمە پێشوەختەکەی هەرێمی کوردستانی ڕەتکردەوە (مەلا حەسەن، ٢٠٢٠، ٨٧-٨٨).

هەروەها ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە پێشوەختەکەی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕەتکرایەوە، بەجۆرێک لە ڕێککەوتی٢٠١٧/٩/١٢ پەرلەمانی عێراق بڕیارێکی سەبارەت بە بەڕێوەچونی ڕیفراندۆمەکە دەرکرد، کە تیایدا هاتبو:

١. ڕەتکردنەوەی ئەو ڕیفراندۆمەی کە بڕیارە ئەنجامبدرێت لە هەریەک لە هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان، و پابەندکردنی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان بەوەرگرتنی هەر پابەندییەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕیفراندۆمە .
٢. حکومەتی عێراق بەرپرسیاریەتی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق هەڵدەگرێت، هەمو بڕیارو ڕێوشوێنێک بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق دەگرێتە بەر.
٣. پابەندکردنی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم، بەدەستپێکردنی گفتوگۆیەکی جدی بۆ چارەسەرکردنی بابەتە هەڵواسراوەکان بەپێی دەستور، یاسا جێبەجێکراوەکان (رمضان،٢٠٢٠، ١٤٠-١٤١).

دوابەدوای ئەمە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کە بۆماوەی ٢ ساڵ لەکارکەوتبو کۆبونەوەیەکی لە ڕێککەوتی ٢٠١٧/٩/١٥ ئەنجامدا، هەر لەکۆبونەوەکەدا پێنج خاڵی گرنگی دەرکرد کە ئەمانەن:

١. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ڕاسپێردراون بۆ سەرپەرشتیکردنی ڕیفراندۆم لەسەر سەربەخۆیی کوردستان لە ڕۆژی دوشەمە لە ڕێککەوتی ٢٠١٧/٩/٢٥.
٢. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەمو ئەو ڕێوشوێنانە کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە گیراونەتە بەر پەسەند دەکات.
٣. سەبارەت بە میکانیزمە یاساییەکانی بەڕێوەبردنی پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، پێویستە کۆمسیۆن پشت بەیاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوە، و یاسای کۆمسیۆن ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٤ و هەریاسایەکی دیکە کە پەیوەندیدارە بەوبابەتەوە ببەستێت.
٤. پەرلەمانی هەرێم دەسەڵات بەلایەنی پەیوەندیدار دەدات، کە هەر ڕێوشوێنێک بگرێتە بەر یان هەر بڕیارێک بۆ بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسین دەربکات (عبدالله،١٢٤،٢٠١٩).

سەرەنجام لە ڕێککەوتی ٢٠١٧/٩/٢٥ لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کێشە لەسەرەکان ڕیفراندۆم ئەنجام دراو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەرێژەی ٩٢،٧٣٪ دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆییدا (بارزانی،٢٠٢٠: ١٠١-١٠٢). جێگای ئاماژە پێدانە هەر زو ئەم ڕاپرسیە لەلایەن حکومەتی ناوەند ڕەتکرایەوە، بەجۆرێک دو ڕۆژ دوای ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە لە ڕێککەوتی ٢٠١٧/٩/٢٧ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبونەوەیەکی ئەنجامدا و بڕیاری ژمارە ٢٣ی دەرکرد کە ئەم بڕیارە کۆمەڵێک ڕاسپاردەی لەخۆدەگرت، بەشێوەیەک ڕیفراندۆمەکەی کوردستان بە نادەستوری لە قەڵەم دەدات و باسی مادده ١ی دەستوری هەمیشەیی عێراق دەکات، شایەنی باسە ئەگەر کۆی بڕیارەکەی ٢٠١٧/٩/٢٧ بەشێوەیەکی دەستوری لێکبدرێتەوە دەردەکەوێت کە ئەنجومەنی نوێنەران بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت ئەم بڕیارەی کە خۆی لەکۆمەڵێک ڕاسپاردە دەبینێتەوە دەربکات، چونکە بەگوێرەی مادده ٦١ی دەستوری هەمیشەیی پسپۆڕیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دیاریکراوەو لەهیچ کام لە بڕگەکانی مادده ٦١ی دا ئاماژە بەبونی دەسەڵاتی ئەم ئەنجومەنە ناکات بۆ دەرکردنی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp191-203

ئەم بڕیارە، زیاتر لەمەش پەرلەمانی عێراق لە دەسەڵاتی دا نییە تەکییفی یاسایی بۆ حاڵەتێک دیاریبکات کە ڕوویداوە، کەواتە بڕیارو ڕاسپاردەکانی کە دەریکرد لە ٢٠١٧/٩/٢٧ نا دەستوریە و تەنها بۆ سزادانی خەڵکی کوردستانە (بارزانی،٢٠٢٠، ١٧٦-١٧٧).

دوای ئەمەش ڕیفراندۆمەکە دوبارە لەلایەن دادگای ئیتحادی باڵای عێراق ڕەتکرایەوە، کە دو بڕیاریدەرکرد[4] تایبەت بە ڕاپرسیەکەی لە ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ لە هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە ئەنجامدرا کە لەهەردو بڕیارەکەیدا ڕیفراندۆمەکە بە نادەستوری وەسف دەکات و ڕەتی دەکاتەوە. سەبارەت بەم ڕیفراندۆمەی لە کوردستان کرا کە تیایدا ئامانج بۆ دیاریکردنی چارەنوسی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بو، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک سەرکەوتو نەبو هەرچەندە ٩٢،٧٣٪ ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان دەنگیان دا، جا لێرەدا لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین هێزی یاسایی ڕیفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥ی هەرێمی کوردستان ئاماژەپێبکەین.

گومانی تێدانییە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین یەکێکە لە پرەنسیپە سەرەکیەکانی یاسایی نێودەوڵەتی سەردەم، بەجۆرێک پاڵپشتی نێودەوڵەتی هەیەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دەستوری هەندێک لە دەوڵەتان جا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ دانی پێدانراوە.

جا لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە ئایا گەلی کورد لەهەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕێگەی ئەو ڕیفراندۆمەی ئەنجامیداوە مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی پاڵپشت بە پرەنسیپ و بنەما نێودەوڵەتییەکان هەیە ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە ئاماژە بەهەمو ئەو پەیماننامەو جاڕنامەو کۆنگرەو بڕیاری دادگای دادی نێودەوڵەتی بکەین کە ماف بە گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنوسیان دەدات، بەڵام لەبەر ئەوەی لەبەشی دووەمی توێژینەوەکەمان ڕونمان کردۆتەوە بۆیە بەپێویستی نازانین لێرەدا دوبارەی بکەینەوە. کەواتە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری پێشو پاڵپشت بە بەڵگەنامەکانی نێودەوڵەتی گەلی کوردستان ڕێگایەکی یاسایی گرتۆتەبەر بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی لەگەڵ حکومەتی عێراق هەیبو، هەروەها پابەند نەبون بەدەستوری ٢٠٠٥ لەلایەن حکومەتی عێراق پاساوێکی بەهێزە لەبەردەم گەلی کورد کە پشتی پێببەسترێت بۆ ئەوەی داوای سەربەخۆیی بکات، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەو سەنەدە یاساییانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان کە گەلێک دەتوانێت پشتیان پێببەستێت بۆ داواکردنی مافی چارەی خۆنوسین لە نێویشیاندا گەلی کورد، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ٢٠١٧ سەرکەوتوو نەبوو ؟

لە ڕاستیدا سەرکەوتنی پرۆسەی ڕیفراندۆم تەنها لە ئەنجامی ڕاپرسیەکە خۆی نابینێتەوە و یەکلایی نابێتەوە، بەڵکو پێویستە لەسەر هەرگەلێک کە دەیەوێت لە ڕێگەی ڕاپرسی سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت هەنگاوەکانی زەمینە سازی بۆ سەرکەوتنی ڕاپرسیەکەو بنیادنانی دەوڵەتەکە بگرێتە بەر، جا سەبارەت بەگەلی کوردستان کە چەندین ساڵە خەبات و تێکۆشان لەپێناوی گەیشتن بەمافە ڕەواکانی و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەکات، کە دواجار ڕێگای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەڵبژارد بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و بنیادنانی دەوڵەت، جا سەرنەکەوتنی ئەم ڕیفراندۆمە و نەهاتنە دی خەونی چەند ساڵەی میللەتی کورد بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە:

**١.** لەڕاستیدا دوجۆر هەرێم هەیە، کە بێ دەوڵەتن و دەیانەوێت ببن بەدەوڵەت و سەربەخۆبن ئەوانیش یەکەمیان ئەو هەرێمانەن کە پێیان دەوترێت (الأقالیم الاستعماریة)، دووەمیشیان ئەو میللەتانە دەگرێتەوە کە داگیرکراون لەلایەن دەوڵەتێکی ناوخۆیی وەک نێوانی ئەریتریاو ئەسیوبیا، شیاوی ئاماژە پێکردنە دۆسیەی هەردوکیان لەیاسای نێودەوڵەتی زۆر لێک جیاوازە، بەشێوەیەک یەکەمیان کە هەرێمە داگیرکراوەکان (الأقالیم الاستعماریة) دەگرێتەوەو، دەچێتە چوارچێوەی ئەوهەرێمانەی کە مافی چارەی خۆنوسین دەیانگرێتەوە پاڵپشت بە بڕیاری ١٤٦٧ی کۆمەڵەی گشتی، لەبەندی ١٣ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ماددە ٧٣و٧٤ وەسفی یاساییان دەکات، و سەبارەت بە بەدەستهێنانی ئەم مافە لەلایەن ئەم هەرێمانەوە بە ڕێگەی ڕیفراندۆم لەبڕگە ب ماددە ٧٦ی بەندی ١٣ی هەمان پەیماننامەدا هاتووە، زیاتر لەمەش لەبەندی٧ی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە ١٤٦٧خول ١٤ی ساڵی ١٩٥٩ هاتووە، کە هەمو ئەم هەرێمانە دەگرێتەوە کە لەلایەن داگیرکەری کۆن داگیرکراون، سەرەڕای ئەمەش کۆمەڵێک بڕیاریان بۆدەرچو لەگرنگترینیان بڕیاری ١٥١٤ی ئەنجومەنی ئاسایشە کە ناوی نرا (کۆتاییهێنانی داگیرکاری) بەمەش دەتوانین بڵێین میللەتانی ژێردەستی ئیستعمارنەما، بەشێوەیەک چارەنوسی خۆیان دیاریکرد. هەرچی دووەمە زیاتر هەرێمەکانی جیهانی نوێ دەگرێتەوە، کە لەلایەن خودی ئەو دەوڵەتەوە داگیرکراون کە لەناویدان، سەبارەت بە دۆزی کوردستانیش لێرەدا خۆی دەبینێتەوە، جا ئەمشێوەیەیان بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی ناتوانێ داوای مافی چارەی خۆنوسین بکات، بەمانایەکی دیکە مافی چارەی خۆنوسین ئەم هەرێمانە ناگرێتەوە، چونکە ئەم مافە تەنها (الأقالیم الاستعماریة) دەگرێتەوە پاڵپشت بە یاسای نێودەوڵەتی، لێرەدا ئەم هەرێمانە مافێکی دیکە دەیانگرێتەوە کە یاساناسانی نێودەوڵەتی ناویان ناوە (مافی جیابونەوە- حق الانفصال)، جیاوازیەکەشیان ئەوەیە لەمافی جیابونەوە هەرێمەکە ناتوانێت تاک لایەنە بڕیاربدات سەربەخۆ بێت واتا مافی جیابونەوە یەک لایەنی نییە، بەڵام لەمافی چارەی خۆنوسین هەرێمەکە یەکلایەنە دەتوانێت بڕیار لەمافی چارەی خۆی بدات، جا لەمافی جیابونەوە پێویستە هەرێمەکە تێکۆشانی هەمەلایەنە بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لەمافی جیابونەوە خۆی وەچەرخێنێ بۆ مافی چارەنوس کە تارادەیەک کۆنگرەی ڤیەننای ١٤-١٩٩٣/٦/٢٥ یارمەتی دەرەو بۆ یەکەم جارئاماژە بەمیللەتانی بەشی دووەم دەکات کە تیایدا هاتووە (بۆ گەلانی ملکەچ لەژێر دەستی داگیرکاری، یاخود جگە لەوە لەشێوەکانی تری باڵادەستی بیانی یاخود داگیرکەری بیانی) (ناوەندی توێژینەوەی ستاندەر،٢٠١٧، ٤-٥).

**٢.** هەرێمی کوردستان کاتێک داوای جیابونەوە دەکات پێویستە پێشوەختە بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار کە حکومەتی عێراقە گفتوگۆو دانوستاندن بکات و دواتر پێکهاتنی دولایەنە بکرێت، بەشێوەیەک حکومەتی عێراق دوای ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵ دەکرێت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە لەسەر پرسی جیابوونەوە پێویستە عێراقیش ئامادەی ئەم گفتوگۆیە بێت و ڕێز لەخواستی کورد بگرێت و پاشان ڕێککەوتن و دانوستاندن لەگەڵ کورد لەسەر چۆنییەتی جیابونەوەکەو گرتنەبەری ڕێوشێوێنی تایبەت بکات، دوابەدوای ئەمانە ئینجا بڕیار لەسەر ڕیفراندۆم بدرێت لەلایەن هەرێمی کوردستان، جا سەبارەت بە ڕیفراندۆمەکەی ٢٠١٧/٩/٢٥ ڕیفراندۆمێکی یەک لایەنە بو بۆیە سەرکەوتونەبو هیچ لایەنێکیش پشتیوانی لینەکرد(مەلا حەسەن،٢٠٢٠، ٩٠-٩١).

**٣.** هۆکارێکی دیکەی کەوای کرد کورد نەگاتە ئامانجە لەمێژینەکەی لەڕێگەی ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ بریتی بو لە نەبونی هۆشیاریەکی یاسایی تەواو پەیوەندیدار بە مافی چارەی خۆنوسین، بەشێوەیەک پرۆسەیەکی هەستیارو گرنگی لەمجۆرە پێویستی بە

خوێندنەوەو توێژینەو ڕاوێژی فیقهی بو بە ماوەیەکی زو بەر لەئەنجامدانی ڕیفراندۆم، چونکە ئەم مافە بەستراوەتەوە بە پەیوەندی دبلۆماسی بەهێزو سیاسەتی دروست، کەواتە شکستهێنانی ڕیفراندۆمەکەی ٢٠١٧خودی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی پرۆژەی دروست بونی دەوڵەت نەبو، بەڵکو نەبونی کارامەیي و شارەزای سیاسی، ئابوری و کارگێری نەبونی ئامادەسازی تەواو بو بۆ پرۆژەیەکی ئاوا چارەنوسساز(رسول،٢٠٢٠، ٢).

**٤.** کاری میللەتانی بەشی دووەم کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا قورسەو ئاسان نییە، بەشێوەیەک پێویستە لەناوخۆدا هەوڵبدرێت دەوڵەتێک لە سیستەمی یاسایي، ئابوری، سیاسی، ئیداری و مرۆیي، دروستبکرێت لەدەرەوەش لەنەتەوە یەکگرتووەکان ناوی میللەتەکە بە (گەل-شعب) جێگیربکرێت، سەبارەت بە کورد تاوەکو ئێستا ناوی میللەتەکەی بە دانیشتوان و هاوڵاتی لەنەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار کراوە نەک گەل پاڵپشت بەهەردو بڕیاری ٦٨٨و ٩٨٦. پاشان پێویستە لەتۆماری نەتەوە یەکگرتووەکان کە(حركة الوطنية) هەیە بەپێی مادده ٧٤ی (سیستەمی ناوەخۆی ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی) بڕیاری١٦٥٤ ساڵی ١٩٦١ لەخولی (ژ،١٦ی د،٥٩) ناوی بزوتنەوەکە تۆمارکرابێت، تاوەکو نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداری ڕیفراندۆمەکە بێت بەسیفەتی چاودێری بۆ ئەوەی دواتر بتوانرێت پشت بە نەتەوە یەکگرتووەکان ببەسترێت کە بەداخەوە سەرکردایەتی کورد تا ئێستا ئەو کارانەی وەک پێویست ئەنجام نەداوە (ناوەندی توێژینەوەی ستاندەر،٥،٢٠١٧-٦).

**٥.** بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان دژ بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان بون، وڵاتە زلهێزەکانی وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕوسیای فیدراڵ، کۆماری چینی میللی، شانشینی بەریتانیا، کۆماری فەرەنسا، یەکێتی ئەوروپاو زۆرینەی وڵاتانی کاریگەر لە جیهان لە ناوچەکەش تەواوی وڵاتانی عەرەبی دژی ئەم ڕیفراندۆمە بون هۆکاری سەرەکی ئەم دژایەتییەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە عێراق خۆی دژی ڕیفراندۆمەکە بوو(مەلا حەسەن،٢٠٢٠، ٩٢-٩٣).

دەتوانین بڵێین هەمو ئەم هۆکارانەو چەندین هۆکاری دیکە بونە هۆی شکست پێهێنانی ڕیفراندۆمەکەی ٢٠١٧ی هەرێمی کوردستان.

کەواتە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەو هەلومەرجەی کە کوردستانی پێدا تێدەپەڕی هەڵەیەکی سیاسی گەورەبو، کە گوێ لە ئامۆژگاریەکانی هەندێک لە دەوڵەتان نەگیرا بەتایبەتی نامەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە ڕەنگدانەوەی بۆ سیاسەتی ئەمریکا بو دەرهەق بە کات و زەمینەی ڕیفراندۆم و ڕێککارە فەرمیەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش، هەروەها گوێ پێنەدان بە کاردانەوە توندەکانی هەریەک لە تورکیا، عێراق و ئێران بو، دواجار ئەم پرۆسەیەی نەک هەردواخست، بەڵکو دەرەنجامێکی نەخوازراوی لێکەوتەوە کە لە دەست دانی نزیکەی نیوەی خاکی هەرێمی کوردستان بو، کە بە ناوچە جێناکۆکەکان ناسراوە (محمد،٢٠١٨، ٢١).

ئێمەش لەگەڵ ئەم ڕایەی سەرەوەین کە پێمان وایە لەگەڵ ئەوەی کورد مافی خۆیەتی داوای سەربەخۆی بکات و بەدەست هێنانی ئەم مافەش بە ڕێگەی ڕیفراندۆم ڕێگەیەکی ئاشتیانەو یاساییە، بەڵام پاڵپشت بەم هۆکارانەی سەرەوە پێمان وایە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەم کاتە هەستیارەو جگە لەمەش بەمشێوەیەی کە هیچ پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بەدەست نەهێنا نەک کارێکی باش نەبو، بەڵکو زیانێکی زۆری بۆ میللەتی کورد هەبو.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین سەرنەکەوتنی ڕیفراندۆمی کوردستان یەکەم ئەزمونی سەربەخۆیي سیاسی نییە لە جیهاندا، و کۆتا ئەزمونیش نابێت، بەشێوەیەک، ئەزمونی دیکە هەیە لە وڵاتانی دیکە کە ڕیفراندۆمیان سەرکەوتوونەبووە جاری یەکەم لە گرنگترین ئەزمونیش کە بە ئەزمونی هەرێمی کوردستان دەچێت ڕیفراندۆمی کۆسۆڤۆیە کە لەساڵی ١٩٩١سەرکەوتوو نەبو لە ڕیفراندۆمەکەی ئەنجامیدا، بەڵام پێداگری و ئازایەتی وە چارەسەرکردنی کێشەو کەم وکوڕییەکان دواجار توانیان سەرکەوتن بەدەست بێنن لەساڵی ٢٠٠٨ سەربەخۆیي ڕابگەیەنن لە ڕێگەی ڕیفراندۆم ئەمەش بێ گومان بە پاڵپشت و پشتگیری دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەسەر ئەم بنەمایەش سەرکردایەتی کورد دەتوانێت سود لە ئەزمونی کۆسۆڤۆ وەربگرێت و لەم پێناوەدا کاربکات لەسەر بەهێزکرنی پێگەی سیاسی، ئابوری، سەربازی، چاکسازی دارایي، پەیڕەوکردنی سیستەمێکی کارگێڕی مۆدێرن، یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەو پڕچەک کردنی و دابینکردنی تەواوی مافەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە هەمو لایەنێکەوە (رسول،٢٠٢٠، ٢).

کارێکی زۆر گرنگی دیکە کە پێویستە ئەنجام بدرێت بریتی یە لەهەنگاوی یاسایي بۆ وەرچەرخاندنی مافی جیابونەوە بۆ مافی چارەنوس کە ڕەنگە کارێکی ئەستەم نەبێت بۆ کورد چونکە کورد مەلەفە مێژویي و جوگرافی و نیشتمانییەکەی بەهێزە، خاڵێکی دیکە کارکردنە لەسەر گۆڕینی وشەی (سكان الأكراد) بۆ وشەی (شعب) لە نەتەوە یەکگرتووەکان کەتاوەکو ئێستا ناوی میللەتی کورد بە دانیشتوان و هاوڵاتی تۆمارکراوە لە نەتەوە یەکگرتوەکان کە لەمادده ١ی بڕیاری ٦٨٨دا هاتووە، لەکاتێکدا میللەتی فەلەستین و بیابانی ڕۆژئاوا ناویان بە (شعب) تۆمارکراوە لەنەتەوە یەکگرتوەکان، چونکە مافی دانیشتوان لەگەڵ گەل لە نەتەوە یەکگرتوەکان زۆر لێک جیاوازە، چونکە کە بو بە گەل ئەوە بەگوێرەی مادده ١ی کۆنگرەی مۆنتیڤیدیۆ ساڵی ١٩٣٣ بون بە دەوڵەت دەیگرێتەوە، و دەچێتە چوارچێوەی مادده ١ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو بڕیارانەی بەهۆیەوە دەرچوە (ناوەندی توێژینەوەی ستاندەر،٢٠١٧، ٨). هەروەها بە پێویستی دەزانین کە ڕێکخراوێکی بێلایەنی داکۆکی کار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروست بکرێت کە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان بکات لە کۆنگرە و کۆبونەوە نێودەوڵەتییەکاندا، کە لەم ڕێگەیەوە دەتواندرێت باشتر داواکاری کورد بە دەوڵەتە زلهێزەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بگەیەندرێت، کە بەداخەوە بەهۆی ناکۆکی سیاسی نەتواندراوە ئەم ڕێکخراوە دروست بکرێت.

## ٦. کۆتایي:

لە کۆتایي ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجام و ڕاسپاردانەی خوارەوە:

### ١.٦ ئەنجامەکان:

١. گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان مافی چارەی خۆنوسینی پاڵپشت بە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی و کۆمەڵێک بەڵگەنامە و بەڵێننامە کە لە نێوان عێراق و بەریتانیا ئەنجامدراوە هەیە.

٢. خاوەنەکانی مافی چارەی خۆنوسین بۆچونی جیاوازی لەسەرە، هەندێک پێیان وایە تەنها دەوڵەت خاوەنی ئەم مافەیە، لەبەرامبەردا بۆچونێکی دیکە هەیە پێی وایە کە تەنها گەلانی داگیرکراو خاوەنی ئەم مافەن، بەڵام بۆچونێکی دیکە هەیە کەپێی وایە هەمو گەلێک خاوەنی ئەم مافەیە جا داگیرکراو بێت یاخود نا، بەڵام لەنێو ئەم بۆچونانە پاڵپشت بە بڕگە ٢ی مادده ١ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تیایدا هاتووە (هەمو گەلێک مافی چارەی خۆنوسینی هەیە بەیەکسانی و بەبێ

جیاوازی بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەوگەلە لەژێر دەستی داگیرکەر دایە یاخود نا) کە ئێمەش پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەین.

٣. لەگەڵ ئەوەی بۆچونی جیاواز سەبارەت بە سروشتی مافی چارەی خۆنوسین بونی هەیە، بەڵام ئەم مافە پێش دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سروشتێکی ڕامیاری هەبو، بەڵام دوای دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە سروشتێکی یاسایی ملزمی وەرگرت زیاتر لەمەش دوای ئەوەی لەچەندین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی ئاماژەی پێدراو چەندین بڕیاری لەسەر دەرکرا.

٤. ڕێگاکانی پیادەکردنی مافی چارەی خۆنوسین لەدوو ڕێگای سەرەکی پێکهاتون ئەوانیش ڕێگای ئاشتیانە وەکو ڕاپرسی و ئەوانی تر لەگەڵ ڕێگای نائاشتیانە کە خۆی دەبینێتەوە لەخەباتی چەکداری ئەمەش کاتێک پەنای بۆدەبردرێت لەلایەن گەلانەوە کە هیچ پاساوێک و ڕێگایەکی ئاشتیانە نەمێنێ بۆ پیادەکردنی ئەم مافە.

٥. گەلی کورد لەهەرێمی کوردستان هەمو خاڵێکی پێکهێنەری گەلی تێدا بەدیدەکرێت کە مافی چارەی خۆنوسینی هەیە، بەشێوەیەک مێژویەکی هاوبەش و زمانێکی تایبەت و هەر لەدێر زەمانەوە لە زێدی باب و باپیرانی دەژی و شوێنی جوگرافی و سنوری خۆی دیاریکراوە و دابونەریتێکی تایبەت بەخۆیی هەیە و بەردەوام پارێزگاری لەناسنامەی خۆی کردووە .

٦. ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەلایەن گەلێکەوە پێویستی بەکاتێکی لەبارو گونجاو و مەرج بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە هەیە، تاوەکو دواتر دەرئەنجامەکەی کەدەست دەکەوێت لە ڕیفراندۆمەک وەک بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی سەیر بکرێت، بەگشتی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان ئامادەکاری تەواوی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ نەکرابو، تەنانەت جۆرێک لە پەلە پەلی پێوەدیاربو لەسەر ئاستی ناوەخۆییدا گرنگترین دەسەڵاتی پەیوەست بەم پرسە (پەرلەمان)پەکخرابو، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئامادەکاری پێویست نەکرابو بەڵگەش بۆ ئەمە دژ وەستانی زۆرینەی دەوڵەتە زلهێزەکان لەسەر پرسی ڕیفراندۆم بو. تەنانەت پەلکێشکردنی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری نەوت بۆ وەبەرهێنان لەکەرتی نەوتدا کاریگەرییەکی سیاسی ئەوتۆی نەبو، بەبەڵگەی ئەوەی دەوڵەتە زلهێزەکان ئامادەنەبون نەک هەر پشتگیری ڕیفراندۆمەکە بکەن، بەڵکو لە دژیشی وەستانەوە و پشتگیری تەواویان بۆ یەکپارچەیی عێراق دەربڕی.

٧. دەسەڵاتی یاسادانان لەم پرسەدا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبو، بەوپێیەی دەسەڵاتەکانی نزیکەی دو ساڵ پەکخرابون، لەکاتێکدا لەپرسێکی چارەنوسسازی وەک ڕیفراندۆم دەبوایە گفتوگۆی تێروتەسەل لەناو پەرلەمان لەسەر ڕیفراندۆم و کاریگەرییەکانی و ئەگەرەکانی ڕوبەڕوبونەوەی مەترسیەکان ئەنجام بدرێت.

## ٢.٦ ڕاسپاردەکان:

١. بەر لە هەر هەنگاوێک بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پێویستە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان ئامادەکاری تەواو چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بکات، کە بێگومان پرسێکی چارەنوسسازی وەک ڕیفراندۆم پێویستی بە ئامادەکاری تەواو لەڕوی قانونی و سیاسییەوە هەیە، بۆیە ئەگەر پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم پێویست بوبێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئەوا پێکهێنانی بۆردێکی یاساناسانیش بە پێویست دادەنرا کە تیایدا پسپۆڕانی یاسایی ئەم پرسە شیبکەنەوە و ڕای خۆیان لەسەر پرسەکە بدەن، کە بەداخەوە گرنگی بە پێکهێنانی ئەم بۆردە نەدراو ڕاستەوخۆ حزبەکان بڕیاریان لێدا.

هەروەها پێویستە لە دەستوری داهاتوی هەرێمی کوردستاندا ئەم مافە وەک مافێکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی جێگیربکرێت و داکۆکی لەسەر بکرێت.

٢. لەڕوی یاساییەوە کردەوەی تاک لایەنە پابەند بونی بەرامبەر لایەنی بەرامبەر دروست ناکات، تاکو ڕەزامەند نەبێت، لە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانیش بەشێوەیەکی تاک لایەنە بڕیاری لێدرا، لەکاتێکدا دەبوایە ئەم پرۆسە چارەنوسسازە بە گفتوگۆکردنی ئاشتیانە لەگەڵ حکومەتی عێراق و لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامبدرێت، نەک تاکلایەنە کە وەک ئاماژەمان پێکرد هیچ پابەندبونێک دروست ناکات.

٣. ناوی میللەتی کورد لەنەتەوە یەکگرتووەکان بە هاوڵاتی و دانیشتوان هاتووە، بۆیە پێشنیازدەکەین دەسەڵاتدارانی کورد کار لەسەر گۆڕینی وشەی هاوڵاتی بۆ وشەی گەل لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن.

## ٧. لیستی سەرچاوەکان


إسماعيل، مسعود حميد، ٢٠٠٨، الأمن القومي الكردي وسبل حمايته جنائيا، دراسة قانونية تحليلية، السليمانية:مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية.

بارزانی،مەسعود، ٢٠٢٠، بۆ مێژوو، چاپی یەکەم، هەولێر:چاپخانەی ڕۆکسانا.

بڕیاری دادگای باڵای یەکگرتووی عێراق ژمارە (١٢٢/ إتحادية/٢٠١٧) لە بەرواری ٢٠١٧/١١/٦.

بڕیاری دادگای باڵای یەکگرتووی عێراق ژمارە (٨٩،٩٣،٩٢،٩١/ إتحادية/٢٠١٧) لە بەرواری ٢٠١٧/١١/٢٠.

البياتي وكشكول ،وائل منذرو يمامة محمد حسن، ٢٠١٩، حق تقرير المصير بين القوانين الدولية والنصوص الدستورية، المؤتمر العلمي الدولي الثاني لقسم القانون ، فاكلتي علوم الانسانية والاجتماعية، جامعة كوية، تحت العنوان نحو دستور معاصر لاقليم كوردستان العراق.

پيروت، ژيان خۆشەويست، ٢٠١٨، الإعتراف بالدولة بين التصور القانوني و التعامل الدولي،ط١، لبنان: منشورات زين الحقوقية.

پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٩٤٥.

جميلة ،ڤاراجي، ٢٠٠٩، مبدأ حق الشعوب في تقرير مصيرها بين النظرية والتطبيق، رسالة ماجستير، جامعة مولود معمري-كلية الحقوق.

الحاج، راستي، ٢٠١٢، الإرهاب في وجه المساءلة الجزائية محليا و دوليا، دراسة مقارنة، ط١: منشورات زين الحقوقية.

حاجی، ڕزگار شەهاب، ٢٠١١، مافی ویلایەتە فیدراڵییەکان لە بڕیاردانی چارەنوسی خۆیان، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

حسن، كارزان عزت، ٢٠٠٧، الأساس القانون الدولي لحق الشعب الكردي في تقرير المصير، رسالة الماجستر، جامعة السليمانية.

الدوسكي، صادق عبدالرحمن حسن، ٢٠١٣، ممارسة حق تقرير المصير في قواعد القانون الدولي الانساني،ط١، عمان: دار قنديل للنشر و التوزيع.

رسول، ڕێباز، ٢٠٢٠، لەبیرەوەری ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ کورد لە نێوان خەونی دەوڵەت و مۆتەکەی بەستاتێوەدا، www.awene.com ، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٠/٦/١٥.

رمضان، دلوڤان، ٢٠٢٠، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی گەلان لە ڕوانگەی یاسایی نێودەوڵەتی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ريكاني، عبدالله جاسم،٢٠١٤، حق الاستفتاء و تقرير المصير للشعوب في القوانين الدولية، ط1، أربيل:مطبعة شهاب.

الزيباري، عبدالرحمن سليمان، ٢٠٠٢، الوضع القانوني لإقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي، دراسة تحليلية، ط١، أربيل: مؤسة موكرياني للطباعة و النشر.

سۆفی، ڕێبین محمد، ٢٠٠٧،مافەکانی گەلی کورد لە دەستوری ٢٠٠٥ ی عێراقدا.

شكري، نوزاد عبدالله، ٢٠٠٨، دۆزی کورد لە عێراقدا و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

عبدالله، پشتیوان صادق، ٢٠١٣، إنفصال إقليم كوردستان في اطار ممارسة حق تقرير المصير، رسالة ماجستر، جامعة صلاح الدين، أربيل.

عبداللە، خامۆش عمر، ٢٠١٧، مافی چارەنوسی هەرێمی کوردستان لەژێر رۆشنایی ئەزمونی وڵاتاندا، وەزارەتی خوێندنی باڵا: چاپخانەی زانکۆ.

عبدالله، خامۆش عمر، ٢٠٢٠، نظرية الانفصال العلاجي في ضوء القانون الدولي المعاصر،ط١، لبنان : مكتبة زين الحقوقية و الأدبية.

عبدالله، دەوەن محمد جەزا، ٢٠١٨، طبيعة الاعتراف و أثرها على ممارسة حق تقرير المصير، دراسة تحليلية و تطبيقية، اطروحة دكتوراه، جامعة السليمانية.

عبدالله،خاموش عمر، ٢٠١٩، استفتاء تقرير المصير، دراسة تحليلية مقارنة، ط١،لبنان: منشورات زين حقوقية.

عبدوڵلا،خلیل،٢٠١١، شێوەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنوس، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

عمر، شۆرش حسن،٢٠٠٥،حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية،دراسة تحليلية مقارنة ،السليمانية:منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية

عمر،حسين حنفي، ٢٠٠٥، حق الشعوب في تقرير المصير وقيام الدولة الفلسطينية، ط1،القاهرة: دار النهضةالعربية.

العيدي، جمال فوراد، ٢٠١٨، حماية الأقليات في ضوء القانون الدولي، الأسكندرية: دار الجامعة الجديدة.

فەقێ، ئەکرەم ئیسماعیل، ٢٠١٤، ئاستەنگە سیاسی و دەستوریەکانی بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

القاضي، محمد جبار كريدي، ٢٠١٦، حق تقرير المصير، ط١، بغداد، العراق: مكتب الهاشمي لكتاب الجامعي.

محمد أمين، سعيد سليم، ٢٠١٦، دانوستانەکانی نێوان حکومەتی عێراقی فیدراڵ بە پێی مۆدێلی رۆجەر فیشەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

محمد، عوسمان رحمن، ٢٠١٠، تأثيرات القانون الدولي لحقوق الإنسان على الدستور العراقي الدائم، دراسة تحليلية مقارنة، رسالة الماجستر، جامعة السليمانية.

محمود، عبدالفتاح عبدالرزاق،٢٠٠٩، الاعلان عن الدولة، دراسة تأصيلية و تحليلية في القانون الدولي العام و الدستوري، مصر: مكتب القانونية مصر.

محەمەد، قارەمان نادر، ٢٠١٨، لە بڕیاری ڕیفراندۆمەوە بۆ ١٦ی ئۆکتۆبەر، توێژینەوەیەکی مێژووی یاسایە، پێداچونەوە بۆردی توێژینەوەی دەزگای ستاندەر، هەولێر.

مەعروف، شاری خالد، ٢٠١٨، جیابونەوەی هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی عێراق وەک یەکێک لە ڕێگا چارەکانی کێشەکان، توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە لە ژێر رۆشنایی یاسایی گشتی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا، مجلة قەڵای زانست العلمية، المجلد ٣، العدد ١.

مەلاحەسەن، شادمان، ٢٠٢٠، ریفراندۆم لە نێوان هەڵەو ڕاستیدا، چاپی یەکەم.

نانەکەلی، لقمان فاروق، ٢٠١٩، وضع الكورد في ضوء القانون الدولي العام -العراق نموذجا ١٩٢٠ -٢٠٠٣، ط١، لبنان:منشورات زين الحقوقية.

ناوەندی توێژینەوەی ستاندەر، ٢٠١٧، ریفراندۆمی کوردستان بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان.

نجم ،عبدالمعز عبدالغفار، (بدون سنة)،بحوث في التنظيم الدولي،القاهرة: دار النهضة العربية.

واصل، سامي جاد عبدالرحمن، ٢٠٠٨، إرهاب الدولة في اطار قواعد القانون الدولي العام، الأسكندرية : دار الجامعة الجديدة.

وەیسی،عوسمان علي، ٢٠١٧، شیکارێکی یاسایی بۆ پرسی ریفراندۆم و کۆنفیدراڵی، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی ٢٠٠٤

یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان-عێراق ژمارە٣ساڵی ١٩٩٢

یەکێتی پەرلەمانتاران کوردستان، ٢٠١٦، بەڵگەنامەی ماف چارەنوسی گەلی کوردستان-عێراق، بۆردی مافی چارەنوس.

دەستوری کاتی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق

دەستوری کاتی ساڵی ١٩٧٠ی عێراق

دەستوری هەمیشەیی عێراقی ٢٠٠٥


---

[1] لە هەندێک دەستوری وڵاتانی دیکە دا ئەم مافە بەخشراوە بە نەتەوەکانیان وەک دەستورەکانی (یەکێتی سۆڤیەتی جاران(١٩٧٧)، کۆماری یەگسلافیای یەکگرتوو(١٩٦٣)، یەکێتی سانت کیتس و ڤیس (١٩٨٣)، کۆماری ئەسیوبیای دیموکراتی یەککگرتوو(١٩٩٥)، کۆماری ئەفریقیای باشور(١٩٩٦)، سربیا و مۆنتیگرۆ(٢٠٠٣)، کۆماری سودان بۆ قۆناغی گواستنەوە(٢٠٠٥).

[2] زۆرینەی یاساناسان لە هەرێمی کوردستان ڕایان وایە کە مادەی (١٤٠) مادەیەکی دەستورییە و هەرچەندە لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ نەکراوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەگەر هەر مادەیەکی دەستوری لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ نەکرا دەبێتە هۆی لە دەستدانی بەهای یاسایي وەک لە کۆتایشدا دادگای یەککگرتوی عێراق لە بڕیارێکدا ئەم پرسەی یەکلاکردەوە کە مادەکە هێزی یاسایي هەیە لەکارنەکەوتووە.

[3] بێ گومان ئەمە تاکو ساڵی (٢٠٠٣) ڕاستە، چونکە لەم ساڵەدا دەسەڵاتدارانی کورد ڕۆڵیان گێڕا لە دانانی دەستوری فیدراڵی عێراق و مانەوەی هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێک لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ.

[4] دادگای باڵای فیدراڵی بریارێکی دەرکرد لە (٢٠١٧/١١/٦) بە ژمارە (١٢٢/إتحادية/٢٠١٧) کە لەبڕیارەکەیدا هاتووە (دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی٢٠٠٥ ڕێگەی نەداوە بە جیابونەوەی هیچ پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی سیستەمی ئیتیحادی هاتو لە ماددەی ١١٦ی دەستور، وە پابەندکردنی ماددە١٠٩ کە پێکدێت لە سێ دەسەڵاتەکانی ئیتیحادی کە دەق کراوە لە ماددەی ٤٧ لە دەستور تایبەت بە دەسەڵاتەکان، بەپێی ئەو ڕێکخستنەی کە لە ماددەکەدا هاتووە، دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەریەوە، وە ئەوان پارێزگاری لە یەکێتی عێراق و سەلامەتی و سەربەخۆیی سەروەری و سیستەمە دیموکراتییە ئیتیحادییەکەی دەکەن). هەروەها دادگای ناوبراو بڕیارێکی تری دەرکرد لە (٢٠١٧/١١/٢٠) بە ژمارە (٨٩،٩١،٩٢،٩٣/ اتحادية/٢٠١٧) سەبارەت بە پرسی ڕاپرسی بۆ جیابونەوە کە لەبڕیارەکەیدا هاتووە ئەم فەرمانە هەرێمییەی کە پشتی پێبەستراوە بۆ ئەنجامدانی {یفراندۆمەکە ناکۆکە لەگەڵ ماددە(١)ی دەستور، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەو ڕاپرسی یەی کە لە ڕێککەوتی (٢٠١٧/٩/٢٥)ئەنجامدرا لەهەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکە کە ڕاپرسیەکە دەیانگرێتەوە نادەستورییە و هیچ سەنەدێکی دەستوری نییە، وە پاڵپشت بە بڕگە (٣) لەماددە (٩٣)ی دەستور، دادگا بڕیاریدا بەنادەستوری ڕیفراندۆمەکە، لەگەڵ هەڵوەشانەوەی شوێنەوارو ئەنجامەکەی (رمضان ،٢٠٢٠: ١٥٩-١٦٠)